گڵکەند

Kurdistan Chronicle

بڵاوکراوەیەکی گشتییە، دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ دەریدەکات

ژمارە (٤)

پێنجشەممە ٢٠٢٤/١١/١٤

# لەگەڵ کارەبای 24 کاتژمێری

## نرخ هەرزانتر دەبێ یان گرانتر؟



دیمەنێکی شەوانی هەولێر

وێنە: محەمەد شوانی

# پاڵەوانێکی پاککردنەوەی ئاوەڕۆکان



**هەژار مەجید**

گ ٢٤ ساڵە کرێکاری پاککردنەوەی ئاوەڕۆکانە لە هەولێر، مەنهۆڵەکان لەو زبڵ و خاشاک و پاشماوانە پاک دەکاتەوە کە خەڵکانێک نابەرپرسانە تێیان داوێن و دەبنە هۆکاری سەرەکیی لافاو و دروستبوونی مەترسیی گەورە.

سۆران مەحموود یەکێکە لە دەیان کرێکار کە ژیانی هەر یەکێکیان تژی ڕووداو و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیە. ئەو ئێستا لە سەرەتای چلەکانی تەمەنی دایە و ئەوها سەربوردەی خۆی بۆ (گڵکەند) دەگێڕێتەوە و دەڵێ «لەبەرئەوەی کرێکاری بەڕێوەبەرایەتیی ئاو و ئاوەڕۆی هەولێرم، ڕۆژانە بەشێکی کاتەکانم لەسەر زەوی و بەشێکیشی لەژێر زەویدا بەسەر دەبەم».

ئەو ڕۆژانە پاشماوەی ئەو مرۆڤانە پاک دەکاتەوە کە بایەخ بە ژیان و زەحمەتییەکانی ئەو و کرێکارەکانی تر نادەن، بەڵام سۆران بە باوەڕبەخۆبوونێکی تەواوەوە دەڵێ بۆ ئەو گرنگە خزمەتی شارەکەی بکات و لە مەترسیی دروستبوونی لافاو دووری بخاتەوە.

لە کۆتایی وەرزی پاییز و سەرەتای زستاندا ئەرکەکانی سۆران و کرێکارەکانی تر قورستر دەبن، دەبێ ڕۆژانە بەر لە باران بارین، پاشماوەی ناو مەنهۆڵەکان دەربێنن تا نەبنە ڕێگر لەبەردەم ڕێڕەوی ئاو.

سۆران لەبارەی ڕەفتاری هەندێک کەسەوە کە ئەرکەکانیان سەختتر دەکەن، بە نیگەرانییەوە دەڵێ جاری وا هەبووە لە کاتی پاککردنەوەی مەنهۆڵەکاندا، پارچە کومبار و دەبەی گەورەی ئاو و پارچە بلۆک و بەردی گەورە و تەنانەت ئاژەڵی مرداربووشیان دۆزیوەتەوە، کە هەموو ئەو شتانە دەبنە ڕێگری گەورە لەبەردەم ڕێڕەوی ئاو و بە ماندووبوونی زۆرەوە دەریاندەهێنن، لەوانەشە هەندێک جار ئەو کەلوپەلانە ببنە هۆکاری کارەسات و خەڵک بەهۆی لافاوەکانەوە گیان لەدەست بدەن.

ئاماژە بەوەش دەدات کە جار هەیە لە کاتی کارکردندا ڕووبەڕووی مەترسیی لافاو دەبنەوە، یان لەناو مەنهۆڵەکاندا بەهۆی کۆبوونەوەی پیسییەوە، تووشی هەناسەتەنگی یان نەخۆشی پێست دەبن. بەڵام ئێواران لە کاتی تەواوکردنی ئەرکەکەیدا، بەختەوەرە کە توانیویەتی هاوکار بێت بۆ ڕێگری لە دروستبوونی لافاو یان گیرانی مەنهۆڵەکان.

لە وەرزی زستاندا، حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی وەزارەتی شارەوانییەوە و ئیدارە خۆجێییەکان، هەڵمەتی بەرفرەوان بۆ کردنەوەی ڕێڕەوەکانی ئاو ئەنجام دەدەن، بەشێکی زۆری ئەرکە قورسەکەی ئەم هەڵمەتانەش دەکەونە ئەستۆی سۆران و کرێکارەکانی تر. لەمبارەیەوە تاکە داواکاریی سۆران ئەوەیە کە خەڵکی شار هەست بە بەرپرسیارییەتی بکەن و زبڵ و خاشاک فڕێ نەدەنە مەنهۆڵەکانەوە، دەشڵێ کاتێک شۆفێر یان سەرنشینی ئۆتۆمبێل زبڵ و پاشماوە لە پەنجەرەوە فڕێ دەدەن، زۆر جار ئەو زبڵانە لەبەردەم مەنهۆڵەکاندا کۆدەبنەوە و کێشەی گەورە دروست دەکەن.

لای خۆیەوە ئەندازیار زەردەشت عەبدولخالق بەڕێوەبەری ئاوەڕۆی هەولێر، لەبارەی ژمارەی کرێکاری تایبەت بە پاککردنەوەی مەنهۆڵەکانەوە دەڵێ ژمارەیان کەمە، بەڵام بەهۆی هاوئاهەنگیی بەردەوام و کارکردنی زۆرەوە، هەموو وەکو یەک تیم ڕووبەڕووی مەترسییەکان دەبنەوە و ڕێگری لە دروستبوونی لافاو دەکەن. دەشڵێ ئێستا ئامێری «جێتینگ»یان هێناوە، کە ئامێرێکی پێشکەوتووە و بۆ پاککردنەوەی مەنهۆڵەکان بەکاریان دەهێنن، کە توانای مژین و شکاندنی ئەو بەربەستانەی هەیە کە لە نێو زێرابەکاندا دەبنە بەربەست لەبەردەم ڕێڕەوی ئاو.

هەروەها ئەندازیار ژیار جەلال بەڕێوەبەری خزمەتگوزاریی ژینگەپارێزی لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار باسی پلان و بەرنامەی تیمەکانی سەر بە وەزارەتەکەی کرد، کە لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلوولی ئەمساڵەوە دەستیان بە ئامادەکاریی کردووە و سەرجەم ئاوەڕۆکانیان پاک کردووەتەوە، بەتایبەت ئەو شوێنانەی مەترسیی دروستبوونی کۆبوونەوەی ئاویان لێ دەکرێت و پێشتر ئاویان لێ کۆ بووەتەوە و بە خاڵی لاواز دادەندرێن.

جێی باسە زیاتر لە ٤٠ تیم لە شاری هەولێر هەن، کە لە کاتی بارانبارینداا ئێشکگرن و بەپێی پێویست بەسەر ناوچەکانی شاردا دابەش دەبن.

# بە 67 ساڵی دەچێتە بەر خوێندن

**هەژار مەجید**

گ ئەگەرچی حەلیمە عوسمانی تەمەن ٦٧ ساڵ، کە دایکی نۆ کچ و کوڕی دەرچووی زانکۆیە، تا ئێستا بە نەخوێندەواری مابووەوە، بەڵام لە کۆتاییدا دەستبەرداری خەونی منداڵی نەبوو و دواجار ڕووبەڕووی ڕێگریی دابونەریتی کۆن وەستایەوە، ئێستا لە ڕیزی پێشەوەی پۆلەکەی دادەنیشێ، هەردوو دەستی لەسەر پێنووس و تێنووسەکەی بەردەمی دایە و بە هیوایەکی گەورەوە دەبێتە خوێندەوار.

حەلیمە خان ئەوها چیرۆکی خۆی بۆ «گڵکەند» دەگێڕێتەوە کە لە منداڵیدا، باوکی هۆکار بووە بۆ ئەوەی نەچێتە قوتابخانە، بەڵام ئەو ئێستا بەو تەمەنەوە دەستی بە خوێندن کردووە و بە نیازە تا قۆناغی کۆتایی بەردەوام بێت.

ئەو ژنە کە ئێستا داپیرەیە و لە ڕووی تەمەنەوە لەگەڵ کوڕەزایەکیدا نزیکەی ٦٠ ساڵیان نێوانە، هەردووکیان لە پۆلی سێیەمی بنەڕەتی دەخوێنن، ئەو دەڵێ «ئەو قوتابخانەیە دەرفەتێکی باشە، ڕۆژانە فێری نووسین و خوێندنەوە دەبم، خەونی منداڵییم دەهێنمە دی».

## دەستپێشخەریی زانکۆی جیهان

زانکۆی جیهانی ناحکومی لە هەولێر لە ڕێگەی قوتابخانەیەکەوە کار بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری دەکات، ئەو زانکۆیە دەستی داوەتە پرۆژەیەکی دەگمەن و بەبێ بەرانبەر زیاتر لە ٨٠ قوتابیی لە نێوان ٢٠ بۆ ٦٧ ساڵی لە چەند پۆلێکدا کۆ کردووەتەوە، کە بەزۆری ئافرەتن.

ئەندازیار بورهان سابیر (تەمەن ٧٣ ساڵ)، سەرۆکی سەنتەری ڕۆشنبیریی زانکۆی جیهان، کە چەندین پرۆژەی کولتووری و پیشەیی لەناو زانکۆکەدا کردووەتەوە، سەرپەرشتی ئەو قوتابخانەیەش دەکات، لەبارەی بیرۆکەی نەهێشتنی نەخوێندەوارییەوە بۆ (گڵکەند) دەدوێ و باس لەوە دەکات کە بیرۆکەی نەهێشتنی نەخوێندەواریی شتێکی نوێ نییە، لە ساڵانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە قوتابخانەی نەهێشتنی نەخوێندەواری هەبوون، بەڵام ئەوان لەناو زانکۆیەکی ناحکومیدا ئەو قوتابخانەیان بەخۆڕایی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری دامەزراندووە».

قوتابخانەکە ساڵی ڕابردوو لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە مۆڵەتی کردنەوەی پێ درا. سیستەمی خوێندن لە قوتابخانەکە، سیستەمی خێرایە، واتە قوتابی بە ساڵێک دوو قۆناغ دەبڕێت، نیوەی ساڵی یەکەم قۆناغێک و نیوەکەی دیکەش قۆناغێکی دی دەخوێنێت، ئەم ڕێگەیە تاوەکو کۆتایی قۆناغی شەشەمی سەرەتایی یان ئەوەی بە قۆناغی بنەڕەتی دەناسرێت تەواو دەکرێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی قوتابخانەکە نوێیە، هێشتا قۆناغەکانی پێنج و شەشیان نییە.

بورهان سابیر لەبارەی بڕوانامەی دەرچوونی ئەو قوتابیانەشەوە دەڵێ: «دوای تەواوکردنی قۆناغی شەشی بنەڕەتی وەکو هەر قوتابخانەیەکی دیکەی ئاسایی قوتابی لە قوتابخانەکەمان بڕوانامەی پۆلەکەی پێ دەدرێت و دەتوانێت بچێتە قۆناغی ناوەندی، چونکە هەمان ئەو تۆمارانەی لە قوتابخانەکانی دیکەدا هەن، لای ئێمەش هەیە و بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە کار دەکەین». لەم قوتابخانەیەدا ڕەگەز و تەمەن بەربەستی بەردەوامی و تەواوکردنی خوێندن نین، قوتابییەکان لە ٢٠ ساڵییەوە دەبیندرێن تاوەکو سەرووی ٦٠ ساڵی، ئەو قوتابییانەی لێرەن بە تامەزرۆییەوە بۆ ئەم دەرفەتە دەگەڕان تاوەکو بتوانن درێژە بە خوێندنەکەیان بدەن کە پێشتر بەهۆکاری جیاواز نەچوونەتە بەر خوێندن.

مەرجی وەرگرتنی قوتابی لە قوتابخانەکە تەنیا ئەوەیە کە نابێت پێشتر چووبێتە بەر خوێندن و وازی لێ هێنابێت، بەڵکو ئەوەی قوتابیانی ئەم قوتابخانەیە یەک دەخات ئەوەیە پێشتر هیچیان نەچوونەتە بەر خوێندن و قوتابخانە.

زۆرینەی ئافرەتانی قوتابخانەکە ژن یان کچی ماڵەوەن، هەندێکیشیان خاوەن پیشەی خۆیانن، هەرچی پیاوەکانن خاوەن پیشەی خۆیانن. بەپێی قسەی بەشێک لە قوتابییەکان، ئەوان ئارەزوویەکی تایبەتیان بۆ تەواوکردنی خوێندن لەو قوتابخانەیە هەیە، بۆیە ئەرکەکانیان وەکو خۆی جێبەجێ دەکەن. لەم قوتابخانەیەدا شەش مامۆستا وانەکان دەڵێنەوە، سەرجەمیان بڕوانامەی زانکۆیان هەیە و بەشی زۆریشیان خۆبەخشانە کار دەکەن.

ڕۆژانە لە قوتابخانەکە سێ کاتژمێر دەوام دەکرێت لە دووی پاش نیوەڕۆوە تاوەکو پێنجی ئێوارە، ڕۆژانەش چوار وانە دەخوێندرێت، مامۆستاکانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە قوتابییەکانیان هەوڵ دەدەن و بەباشی هەنگاوەکان دەبڕن.



وێنە: هێمن بابان ڕەحیم

## پرۆژەی ڕووناکی ژینگەی کوردستان پاك دەکاتەوە

# ”کارەبای 24 کاتژمێری هەرزانتر دەبێت“



■ ”هەر ماڵێك پێوەری زیرەکی بۆ بەسترابێت پرۆژەی کارەبای 24 کاتژمێری دەیگرێتەوە“

■ لە ماوەی دوو ساڵدا تەواوی کارەبای کوردستان دەبێتە 24 کاتژمێری

**هێمن بابان ڕەحیم**

بەرپرسێکی وەزارەتی کارەبای حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕای گەیاند لە ڕێگەی پرۆژەی (ڕووناکی)یەوە کارەبای ٢٤ کاتژمێری بۆ ٦٠ هەزار هاوبەش دابین کراوە، تا کۆتایی ٢٠٢٦ لە ڕێگەی ئەم پرۆژەیەوە کارەبای هەموو کوردستان دەبێتە ٢٤ کاتژمێری، نرخی کارەباش بە هەمان نرخی جاران دەبێت، بەڵام هاووڵاتی تەنها پارەی یەک پسوولە دەدات، پسوولەی مۆلیدەی لەکۆڵ دەبێتەوە، بەمەش کرێی کارەبا لە کۆتایی مانگدا هەرزانتر دەبێت.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان ماوەیەکە دەستی بە پرۆژەیەک کردووە کە زیاتر لە ٣٠ ساڵە داخوازیی لەسەر بووە، ئەویش کارەبای ٢٤ کاتژمێرییە، ئەردەڵان دۆسکی بەڕێوەبەری گشتیی دیوان لە وەزارەتی کارەبا لەبارەی پرۆژەکەوە بە (گڵەکەند)ی ڕاگەیاند «پرۆژەکە بۆ دابینکردنی ٢٤ کاتژمێر کارەبایە بەهەمان نرخی ئێستا.»

گوتیشی لە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، وەزارەتی کارەبا کاری بۆ بنیادنانی ژێرخانی کارەبا و چارەسەرکردنی کێشە تەکنیکییەکان و هەنگاونان بەرەو پرۆژەی پێوەری زیرەک کردووە، ئەمە دەستپێک بوو بۆ جێبەجێکردنی داخوازییە گەورەکەی ٣٠ ساڵی ڕابردووی هاووڵاتییانی کوردستان بۆ هەنگاونان بەرەو دابینکردنی ٢٤ کاتژمێر کارەبا».

دەشڵێ «لە دەستپێکی پرۆژەکە چەند لایەنێکی سەرەکیی بەگەڕخران، تا بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی هاووڵاتییانی کەم دەرامەت نرخی کارەبا دیاری بکرێت، لەگەڵ زیادکردنی ڕێژەی پێوەری زیرەک و کۆکردنەوەی زانیارییەکان لەسەر هاوبەشانی ماڵان و هاووڵاتییان و کارەبای بازرگانی و کەرتەکانی دیکەی میری لە ڕێگەی سەنتەرێکی خزمەتگوزارییەوە، سەرەتاش لە گەڕەکی شادی لە ناو سەنتەری شاری هەولێر دەست بە جێبەجێکردنی پرۆژەکە کرا».

پێش دەستپێکردنی پرۆژەی ڕووناکی، دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاتژمێری بۆ زیاتر لە ٦٠ هەزار هاوبەش لە پۆلی ماڵان لە بازاڕی لەنگەی هەولێر و بازاڕی دهۆک و چەندین سیتی و پرۆژەی نیشتەجێبوون لە ڕێگەی پرۆژەی پرێپەیدی کارەبای ٢٤ کاتژمێری جێبەجێ کرابوو.

ئێستا تەواوی مۆلیدەکانی ناو سەنتەری قەزای ئامێدی هەڵگیراون وەک دوایین خاڵە ئەرێنییەکانی پرۆژەی ڕووناکی، ئەردەڵان دۆسکی دەڵێ «لە هەولێریش پرۆژەکە لە گەڕەکی شادی و نازناز جێبەجێ کراون و لەلایەن هاووڵاتییان و دوکاندار و کاسبکارانەوە پێشوازییەکی باشی لێ کراوە، بڕیاریشە بەم نزیکانە گەڕەکەکانی بەختیاری و وەزیرانیش بکرێنە ٢٤ کاتژمێری، بە دەیان گەڕەک و دوکان و ناوچەی دیکەی کوردستانیش داوای خێرا جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیەیان کردووە».

بەپێی وەزارەتی کارەبای حکوومەتی هەرێمی کوردستان، یەک ملیۆن و ٩٠٠ هەزار هاوبەشی کارەبا هەن، لەو ژمارەیە یەک ملیۆن و ٣٤٥ هەزار و ٨٩ هاوبەش پێوەری زیرەکییان بەستووە، تەنیا لە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا ٤٣٦ هەزار و ٩٨١ هاوبەش زیاد بوون، هەر هاوبەشێک پێوەری زیرەکی بۆ بەسترابێت پرۆژەی ٢٤ کاتژمێری کارەبا دەیگرێتەوە. بەپێی بەرپرسەکەی وەزارەتی کارەبا، بڕیاری خێراکردنی بەڕێوەچوونی کارەکانی پێوەری زیرەک دراوە و پرۆژەکە ڕاستەوخۆ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانەوە جێبەجێ دەکرێت.

وەزارەتی کارەبا ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە بەهۆی پرۆژەکەوە ژینگە پاک دەبێتەوە و بارگرانی لەسەر پێدانی دوو نرخی کارەباش لەسەر شانی هاووڵاتی نامێنێت، چونکە مۆلیدەکان هەڵدەگیرێنەوە.

بەڕێوەبەرەکەی دیوانی وەزارەتی کارەبا دووپاتی دەکاتەوە کە پرۆژەکە سوودی هەبووە بۆ هاووڵاتییان، لەمەودوا دەست بە کارەباوە دەگیرێت، جگە لەوەش بڕی کارەبای پێویست لەو گەڕەکانەی پرۆژەکەیان تێدا پەیڕەو دەکرێت کەمتر بووەتەوە، بۆ کاسبکارانیش ئەم پرۆژەیە بووەتە هۆی ڕێکخستنەوەی باشتری شوێنەکان و بەکارهێنانی کارەبا».

هەروەها ڕوونی دەکاتەوە بەهۆی پرۆژەکەوە ئەو دووکەڵ و ژاوەژاوەی مۆلیدەکان کە زیانی تەندروستی و مەترسیی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی مەترسیدار و کوشندەیان هەیە نامێنیت».

ئامارەکانی وەزارەتی کارەبا دەریدەخەن ئاستی بەرهەمهێنانی کارەبا لە نێوان ٣٢٠٠ بۆ ٣٥٠٠ مێگاواتە و خواستیش بۆ ٤٠٠٠ تاوەکو ٤٥٠٠ بەرز بووەتەوە، لەگەڵ نزیکبوونەوە لە زستان خواست بۆ بڕی ٦٥٠٠ تاوەکو ٧٠٠٠ مێگاوات زیاد دەبێت، بەرپرسی وەزارەتەکە ئەوەش ڕادەگەیەنێ «ئەگەر هاووڵاتییان دەست بە بەکارهێنانی کارەباوە بگرن و نرخی کارەبا مانگانە کۆ بکرێتەوە، ئەوا بڕە داهاتێکی باش لەبەردەستدا دەبێت تاوەکو ئاستی بەرهەمهێنانی کارەبا زیاد بکەین و بەشێوەیەکی زۆر زانستییش کۆنترۆڵی بەکارهێنانی کارەباکە بکەین».

کارەبای ٢٤ کاتژمێری دەبێتە هۆی ئەوەی هاووڵاتی لە هەبوونی کارەبا دڵنیا بێت و هەموو ئامێرەکانی لەو چەند کاتژمێرەی ئێستا کارەبا دەدرێت، بەکار نەهێنێت

سەبارەت بە نرخی کارەباش لە پرۆژەی ڕووناکی و کارەبای ٢٤ کاتژمێری، ئەردەڵان دۆسکی دەڵێت «بەهەمان نرخی پێشوو کارەبای ٢٤ کاتژمێری بۆ هاوبەشانی کارەبا دابین دەکرێت، واتە هاووڵاتییان یەک پسوولەی کارەبا لە بری دوو پسوولە دەدەن».

لەبارەی بێکاربوونی ئەو گەنجانەی لە مۆلیدەکانیشدا کار دەکەن، وەکو هەندێک دەیڵێن دوای ئەوەی پرۆژەی ڕووناکی تەواو دەبێت، بەڕێوەبەری گشتیی دیوان لە وەزارەتی کارەبا دەڵێ «لە کاتی کوژانەوەی کورتی کارەبادا سوود لە مۆلیدەکان وەردەگیرێت، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕە کارەبایەکیان لە بری ئەو هاوکارییە پێ دەدەن، لەلایەکی دیکەوە پرۆژەکە بۆ قازانجی هەموو خەڵکی کوردستانە بە ماڵ و خانەوادەی خاوەن مۆلیدەکانیشەوە، بۆیە بە گفتوگۆ و ڕێگەچارەسەر لە هەوڵی ئەوەداین خاوەن مۆلیدەکانیش زیانمەند نەبن».



عەبدولباسیت فەرهادی

## (دایک)ی مەکسیم گۆرکی لە کۆڕی زانیاریی کورد مرد

ساڵانی ١٩٧٦/١٩٧٧ لە بەشی یاسای کۆلێژی یاسا و ڕامیاریی زانکۆی بەغدا وەرگیراین، ئەوکات تاکە کۆلێژی یاسا بوو لە عێراق، دوای ئەوەی کۆلێژی یاسا یان ماف لە زانکۆی بەسرا و لە زانکۆی ئەلحیکمە داخران.

پۆلی یەکەم سێ هۆبە بووین، هەر هۆبەیەک نزیکەی ١٢٠ تا ١٥٠ قوتابی لە سێ هۆڵ وانەکانمان دەخوێند، لەهەر پۆلێکیش بیست سی قوتابی کوردی لێ بوو، کۆلێژەکە لە پشت کۆڕی زانیاریی عێراقی بوو کە بەشی دواوەی کۆڕی زانیاریی کورد بوو، لەوێ ژمارەیەکی زۆر لە شاعیر و نووسەری کورد قوتابی کۆلێژەکە بوون، گڕوتین و جۆشوخرۆشێکی ئەدەبیی زۆر لەوێ هەستی پێ دەکرا.

سەلام محەمەد، کەریم دەشتی، مارف عومەرگوڵ، سابیر ڕەشید، موئەیەد تەیب، قوبادی جەلیزادە و حەسەن ڕەمەزان و چەندان نووسەر و شاعیری دی ئەوکات قوتابی کۆلێژی یاسا و ڕامیاری بوون.

لە بەغدا چەند شوێن و دەزگا لە خزمەتی ئەدەب و زمانی کوردیدا بوون، یەکێکیان کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی بوو کە موکەرەم تاڵەبانیی وەزیر لەگەڵ چەندان نووسەری وەک جەمال خەزنەدار، محەمەد بەدری، عەباس بەدری و د.بەدرخان سندی و کەسانی دی ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لەوێ، لە کۆڕ و بۆنەکانی کۆمەڵە، قوتابییە کوردەکانی بەغدا لە هەموو کۆلێژەکان ئامادەییەکی بەرچاویان هەبوو، چاومان بە زۆربەی نووسەران و شاعیران دەکەوت.

کۆڕی زانیاریی کورد شوێنێک و مەشخەڵێکی دی و ئاگردانێکی دیکەی خزمەتی ڕۆشنبیری کوردی بوو ئەوکات، کە مامۆستا مەسعود محەمەد سەرۆکی بوو، سەدان کتێبی گرنگی لێ چاپ کران، کە تا ئێستاش سەرچاوە و کانیاوی لەبن نەهاتووی وشەی کوردیین

ئێمەی قوتابییش بەو پارەی مانگانە بۆ بژێوی لە کۆلێژ وەرماندەگرت، هەندێکمان کە خولیای خوێندنەوە بووین، ئەو کتێبانەمان پێ دەکڕی کە سەرەتا پازدە دینار بوو دواتر مانگانە سی دینارمان وەردەگرت، قوتابییە عەرەبەکانی دەوڵەتانی دی پەنجاوپێنج دیناریان وەردەگرت، کە ئەوکات بەغدا بووبووە ڕووگەی قوتابیە عەرەبەکانی تونس و مەغریب و جەزائیر و لوبنان، هەروەها قوتابیی یەمەنی و سودانی و ئیماراتیشمان لەگەڵ بوو.

کابرایەکی ڕوح سووکی ئاکرەیی لە کۆگای کۆڕ بەناوی ڕەمەزان و یەکی کۆیی بەناوی فریاد لەوێ کاریان دەکرد، ئێمە بەرهەم و چاپکراوەکانی کۆڕمان لەوان دەکڕی. ڕۆمانی (دایک)ی مەکسیم گۆرکی لە وەرگێڕانی مامۆستا کەریم حوسامی چاپ کرابوو، ئێمە کڕیبوومان، دیار بوو چەند برادەرێکی نووسەر لە هەولێرێ ڕاپانسپاردبوو بۆ ئەوانیش بکڕین، منیش لەگەڵ سابیر ڕەشید و دیار نانەکەلی چووینە کۆڕ، لەوێ سابیر لە ڕەمەزان ئاکرەیی پرسی: کاک ڕەمەزان دایکت ماوە؟

ڕەمەزان گوتی: ناوەڵا برا، چەند ساڵە ئەمری خوای کردووە.

دەشیزانی مەبەستی سابیر ڕۆمانی دایک بوو، ئیدی هەموو پێکەنین.

هەر لەو کۆڕەدا چەندان جار بە خزمەتی مامۆستا هێمنی شاعیریش گەیشتین و باسی ئەو گێڕانەوەی دیکەی دەوێت.

## کارگەیەکی نوێ بۆ 10 هەزار کارمەند بەڕێوەیە

# لە هەولێر رۆژانە هەزار مۆبایل دروست دەکرێت

هێمن بابان رەحیم

گ بەپشتبەستن بەدەستی کاری نێوخۆیی بەڕێژەی ٩٧٪ و لە رێگەی گەورەترین کارگە لەسەر ئاستی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گرووپی کۆمپانیایەکی خۆماڵی رۆژانە هەزار مۆبایلی زیرەک دروست دەکات و پڕۆژەشی بۆ فراوانکردنی هەیە.

### بەرهەمی ورد و ئاڵۆز بەدەست و بازووی گەنجانی کورد

لەسەر رووبەرێکی دیاریکراوی زەوی بەدەیان کرێکاری کورد لە کارگەیەکدا سەرقاڵی پێکەوەبەستن و دروستکردنی یەکێک لە بەرهەمە دیار و وردەکانی مێشکی مرۆڤن کە مۆبایلێکی زیرەکە بەناوی ئینفینێکس، بەوەش هەولێر دەبێتەوە رچەشکێن و دەبێتە یەکەم کارگە لە شێوەی خۆی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق

مۆبایلە زیرەکەکە بە سیستەمی «ئەندرۆید» کار دەکات و بە یەکەم هەنگاو دادەنرێت بۆ بەستن و دروستکردنی لەو کەرەستە و کەلوپەلانەی لە چینەوە هاوردە دەکرێن.

کارگەی تەکنەلۆژیای زێڕین بۆ ئامێرەکانی ئینفینێکس لە هەولێر کە بەناوی کۆمپانیای رەسەنی چینییەوە نراوە، رۆژانە لە نێوان ٩٠٠ بۆ هەزار مۆبایلی زیرەک دروست دەکات و بەسەر سەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و عێراق دابەش دەکرێت.

گرووپی کۆمپانیاکە کە کارگەکەی دامەزراندووە، لەلایەن خاوەنکار و بازرگانێکی کوردی ئێزیدییەوە بەڕێوەدەبرێت، هەنگاوەکەشی بە بازدانێک لە بواری ئابووری و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان هەژمار دەکرێت.

مانگی ئەیلوولی ئەمساڵ کۆمپانیای (ZMC)، لە رێگەی ١٠٠ گەنجی کورد لە دەرچووانی زانکۆ و کۆلێژەکانی هەرێمی کوردستان کە زۆرینەیان پسپۆڕی بوارەکانی ئەندازیاری و زانستەکانی کۆمپیوتەرن، دەستی بە پرۆژە گەورەکە کرد.

هێمن محەممەد حەمەد، بەڕێوەبەری سەرچاوە مرۆییەکانی کۆمپانیاکە لە لێدوانێکدا بە (گڵکەند)ی گوت :»بۆ دروستکردنی مۆبایلەکانمان پشت بە دەستی کاری نێوخۆیی دەبەستین کە زۆرینەیان لە بواری چاککردنەوەی مۆبایل کاریان کردووە یان لە کارێکی نزیک لە کاری ئێستایان ئەزموونیان هەیە، ئومێد دەکەین لە داهاتوودا سوودی زیاتر لە دەرچووانی زانکۆکانی کوردستان ببینین».

بە پێویستیشی دەزانێت زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بیر لە کردنەوەی بەشی تایبەت بە دروستکردنی مۆبایلی زیرەک بکەنەوە، کە لە کۆتاییدا ئەرکی سەر شانی حکوومەت لە بابەتی دامەزراندنیان سووک دەکات.

بەگوتەی ئەو بەڕێوەبەرە، کارگەکەیان مانگانە لە نێوان ٢٥ بۆ ٣٠ هەزار ئامێری مۆبایلی زیرەک دروست دەکات، لە داهاتوودا بۆ ٦٠ هەزار زیاد دەکات، پێشی وایە بەرهەمەکەیان پڕفرۆشترینە لە عێراق، بەڵام هێشتا کاریان بۆ هەناردەکردنی بۆ دەرەوەی عێراق نەکردووە.

لە رووی کوالیتییەوە جگە لەوەی گەرەنتی یەک ساڵی لەگەڵ دایە، نرخەکانی مۆبایلەکەش کە یەک جۆرە و بە دوو قەبارەی یادگە رکابەرایەتی دەکات، لە نێوان ٦٨ بۆ ٨١ دۆلاری ئەمریکییە.

لێرە لەنێو کارگەکە هەموو کەرەستەکانی دروستکردنی مۆبایل بەردەستن، کەرەستەکانیش لە وردترین بەشەکانی مۆبایلەکە تاوەکو کارتۆنەکەی و کێشی و نایلۆن و پاکێجکردنی بەپێی ستانداردی کۆمپانیای سەرەکییە، لەدوای دروستکردنی مۆبایلەکانیش پشکنینیان بۆ دەکرێتەوە و تاقی دەکرێنەوە.

بەپێی بەرپرسانی کارگەکە، مۆبایلەکە چەندین پێداویستیشی لەگەڵدا دەدرێت بە کڕیار کە لە مۆبایلی دیکەدا نین، وەکو بەرگ و قەڵغان کە هەمووی لەنێو کارتۆنەکەیدا پێچراوەتەوە، کەرەستەی یەدەگ و پێداویستییەکانیشی لە بازاڕ و لە سەنتەرەکانی چاککردنەوە بەردەستن.

### دروستکردنی هەر مۆبایلێکی زیرەک بە 70 قۆناغدا تێدەپەڕێت

لەگەڵ گەڕان بەنێو کارگەکە چاوی سەردانیکار دەچێتە سەر دەیان ئامێر و کەرەستەی تەکنەلۆژیی هاوردەکراو لە کۆمپانیای دایک لە چینەوە، دەیان کرێکار بە چەند ریزی یەک لە تەنیشت یەک سەرقاڵی بەستن و لێکدانی ئامێرەکانن، هەندێکی دیکەش لەگەڵ بەستن و پشکنینی ئامێرەکان سەرقاڵن.

کارگەکە تەنیا یەک هێڵی بەرهەمهێنانی هەیە و هەوڵ دەدات لە داهاتوودا زیادی بکات، ئەحمەد زوبێر، بەڕێوەبەری کارگەکە بە «گڵکەند»ی گوت «دروستکردنی هەر مۆبایلێک بە ٧٠ قۆناغدا تێدەپەڕێت، ٣٠ لەو قۆناغانە بۆ پێکەوەبەستنی کەرەستە و ئامێرە وردەکانی مۆبایلەکەیە، ١٨ قۆناغیشیان بۆ پشکنینە و ١٥شیان بۆ بەستنی کۆتایی و خستنە نێو کارتۆن و جوانکارییەکانییەتی، هەریەک لەو قۆناغانە بە کار و هەوڵ و شارەزایی و وردیی زۆردا تێدەپەڕن».

لە کارگەکەدا کە دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای هەولێر، تەنیا یەک جۆر مۆبایل بە چوار رەنگی رەش، سپی، ئاڵتوونی و سەوز بەرهەم دەهێندرێت. مۆبایلەکە دوو کامێرای پێش و پشتەوەی هەیە، قەبارەی شاشەکەی ٦,٦ ئینجی ٩٠ هێرتزە، پاتریی مۆبایلەکەش پێنج هەزار ملی ئەمپێر دەبێت کە بەقسەی بەڕێوەبەری کارگەکە، زوو بارگاوی دەبێت و درەنگ دادەبەزێت.

باس لەوەش دەکات مۆبایلەکە لەگەڵ هەمان مۆبایلی دروستکراو لە وڵاتی چین کە لەنێوخۆی ئەو وڵاتە بەرهەم دەهێندرێت و ئەوانەشی هەناردەی وڵاتانی ئەورووپا دەکرێن، هیچ جیاوازییەکی نییە و بەپێی سیستەمی کاری کۆمپانیای سەرەکی نابێت لە یەک خاڵیشدا جیاواز بن.

مۆبایلی ئینفینێکس ئێستا لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق دەست دەکەون، دروستکردنی دەرفەتێکە بۆ بەرزی زانا، کە ئەو رۆژانەی لە زانکۆ بوو چاوی لە دامەزراندن بوو لە کەرتی تایبەت، ئەو ئێستا بەڕێوەبەری پشکنینی کارگەکەیە، کە یەکێکە لە هەستیارترین و وردترین کارەکانی کۆمپانیاکە.

بەرزی بە «گڵکەند»ـی گوت «ئێمە لێرەین کە دەرفەتێکی باشە بۆ کارکردن و ئومێدی ئەوە دەکەین ئەم جۆرە کارانە زیاتر پەرەیان پێبدرێت، چونکە گرنگە لە هەولێر لەسەر دەستی ژمارەیەک گەنجی شارەزا بەرهەمێک دروست بکرێت رکابەرایەتیی لەگەڵ بەرهەمی دیکەدا بکات».

ئەو ئەندازیارە کە ئەزموونەکە بۆی نوێیە، دەڵێت شانازی بەکارکردن لە کارگەیەک دەکات یەکێک لە بەرهەمەکان بەرهەم دەهێنیت لە عێراقدا وێنەی نییە و کارگەیەکی لەو جۆرە لە هیچ شوێنێکی عێراقدا نییە.

گرووپی کۆمپانیاکانی (ZMC)ی تایبەتمەند بە بواری مۆبایلی زیرەک چیرۆکێکی دوور و درێژی لەگەڵ ئەو بوارە هەیە کە لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە دەستپێدەکات، سەرەتا لە بازرگانیکردنی مۆبایل دەستی پێکرد و دواتر ژمارەیەک کۆمپانیای دیکەی دامەزراند بۆ ئاسانکاری لە کارەکانیدا، دواتر توانی یەکێک لە گەورەترین کۆمپانیاکانی دروستکردنی مۆبایل رازی بکات بۆ ئەوەی کارگەیەکی لە شاری هەولێر بۆ پێکەوەبەستن و دروستکردنی مۆبایل دابمەزرێنێ کە خاوەنی بڕوانامە و مۆڵەتی کارکردنە و ئێستا بەرهەمەکانی لە بازاڕەکان دایە.

گرووپی کۆمپانیاکانی ناوبراو لە ساڵی ٢٠١٩ بەفەرمی بریکارنامەی کۆمپانیای (Infinix)ـی چینی وەرگرت، دوای ئەوەی ژمارەیەک سەنتەری چاککردنەوەی کردەوە و ئێستا چەندین نوێنەری بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی لە هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و عێراق هەیە

گرووپی کۆمپانیاکە نیازی هەیە لە داهاتوودا پڕۆژەی کارگەکەی گەورەتر بکات و لەسەر زەوییەک کە رووبەرەکەی ١٠ هەزار مەتر دەبێت کارگەیەکی فراوانتر دروست بکات و ژمارەی کرێکارەکانیشی بۆ نزیکەی هەزار کەس زیاد بکات و فرۆشیشی زیاتر بکات.

بەڕێوەبەری سەرچاوە مرۆییەکانی کۆمپانیاکە لە کۆتایی قسەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد ئەو بەرهەمەی ئەوان دروستی دەکەن هیچی جیاواز نییە لە بەرهەمی دیکەی کۆمپانیاکە کە لە کارگەی دیکە لە چین و شوێنی دیکە دروستی دەکات، بەڵام بەگوتەی ئەو هێشتا کۆمێنت و تێڕوانینی هەندێک لەبارەی دروستکردنی مۆبایل لە هەولێر و بەدەستی گەنجانی کورد و بە گشتی لە عێراق نەرێنییە




وێنەکان: رێبەند سەعدوڵا









### ”35%ی منداڵانمان ئالوودەی مۆبایلن“

# مۆبایل دەبێتە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر منداڵانی کوردستان

## ئەو پزیشکەی لێکۆڵینەوەکەی ئەنجام داوە، خۆیشی مۆبایلی لە منداڵەکانی وەرگرتووەتەوە

وێنە: زیرەکی دەستکرد

**زیرەک تاریق**

لێکۆڵینەوەیەکی پزیشکیی نوێ لە هەرێمی کوردستان ئاشکرای دەکات بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن منداڵانی کوردستانەوە بەبێ چاودێری و سنووردانان، بووەتە هەڕەشەیەکی گەورەی تەندروستی و کۆمەڵایەتی، لە داهاتوودا زیانە گەورەکانی دەردەکەون. لە دەرەنجامی لێکۆڵینەوە پزیشکییەکەدا هۆشداری دراوە سەبارەت بەوەی منداڵانی کورد لە تەمەنێکی زۆر زووەوە دەست بە بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان دەکەن. ئەم لێکۆڵینەوەیە کە لەلایەن تیمێکی زانکۆی پزیشکیی هەولێرەوە ئەنجام دراوە، تیشک دەخاتە سەر ئەو مەترسییانەی ڕووبەڕووی نەوەی نوێی کوردستان دەبنەوە

### کارەسات بەڕێوەیە

نزار ڕەمەزان سەرۆکی بەشی پەرستاریی منداڵان لە زانکۆی هەولێری پزیشکی، لەگەڵ چوار قوتابیی بەشەکەی، لێکۆڵینەوەیەکیان ئەنجام داوە لەبارەی بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان لەلایەن منداڵانی خوار تەمەن شەش ساڵیەوە و لێکۆڵینەوەکە لەسەر ٦٠٠ منداڵ لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دراوە.

دوای ئەوە زۆرێک لە دایکان و باوکان سەردانی نۆرینگەکەی دەکەن و گلەیی لە فرە جووڵەیی، دواکەوتنی قسەکردن، هەڵسوکەوت و خەوزڕانی منداڵەکانیان دەکەن، دکتۆر نزار ڕەمەزان بیری لەوە کردووەتەوە لێکۆڵینەوەیەک ئەنجام بدات و لە ئەنجامیشدا، وەک خۆی دەڵێ «بۆم دەرکەوت دۆخی منداڵان لە کارەسات دایە».

ئەو پزیشکە، باس لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی بۆ (گڵکەند) دەکات، کە ئەنجامەکەی بەم شێوەیەیە «٪٣٠ی منداڵانی خوار تەمەنی شەش ساڵی لە هەرێمی کوردستاندا مۆبایلی تایبەت بەخۆیان هەیە. ٪٣٥ی منداڵانی هەرێمی کوردستان تووشی ئاڵوودەبوون بە مۆبایل بوون. هەروەها ٪٢١ی منداڵان بەبێ بەکارهێنانی مۆبایل ناتوانن بخەون.»

لێکۆڵینەوەکە دەریخستووە زیاتر لە ٪٥٠ی منداڵانی خوار تەمەنی شەش ساڵ، ڕۆژانە زیاتر لە سێ کاتژمێر مۆبایل بەکار دەهێنن. لە کاتێکدا بەپێی ڕێنمایی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، منداڵ لە تەمەنی کەمتر لە دوو ساڵ نابێت بە هیچ شێوەیەک شاشە زیرەکەکان بەکار بهێنێت، هەروەها لە تەمەنی دوو تاوەکو شەش ساڵیش تەنیا یەک کاتژمێر ڕێگە پێدراوە مۆبایل بەکار بهێنێت.

ئەو پزیشکە باس لەو حاڵەتانە دەکات کە لە نۆڕینگەکەی سەردانی دەکەن، بەتایبەت ئەو دایکوباوکانەی کێشەیان لەگەڵ منداڵەکانیان هەیە و دەڵێ «دایکوباوک هەبووە بە جۆرێک لە جۆرەکان تووشی نەخۆشی دەروونی بوون و لە منداڵ دەدەن، بەهۆی هەڵسوکەوتە خراپەکانی منداڵەکانیان بەدەست مۆبایلەوە»، ئەو پزیشکە وەک باوکێک قسە دەکات و ئاماژە بەوە دەدات کە دوای دەرکەوتنی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی، ڕاستەوخۆ هەوڵی داوە منداڵەکانی لە بەکارهێنانی مۆبایل دوور بخاتەوە و دەڵێ «نایشارمەوە دوو هەفتەی سەرەتا زۆر قورس بوو، بەڵام دواتر ڕاهاتن و ئێستا بەپێی پێویستی مۆبایل بەکار دەهێنن».

### «حەز دەکەم لاسایی ڤیدیۆی کوشتن بکەمەوە»

سابات حەوێز ماوەی ١١ ساڵە چارەسەرکاری دەروونیی منداڵانە لە نەخۆشخانەی دەروونیی هەولێر، بە بۆچوونی ئەو بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن منداڵی خوار تەمەنی شەش ساڵیەوە، کاریگەریی نەرێنی و خراپی هەیە، وەک درەنگ قسەکردن، بێتوانایی لە دەربڕین و زمان، کزی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی ناحەز و دوژمنکارانە. هەروەها باسی بەشێک لەو منداڵانە دەکات کە سەردانی دەکەن بۆ وەرگرتنی چارەسەری دەروونی و دەڵێ «منداڵ هەیە فێرە جنێودان بووە یاخود سەیری ڤیدیۆی خراپی کردووە و لەگەڵ هاوڕێکانی هەوڵی داوە دووبارەی بکاتەوە، منداڵ هەبووە تووشی ترسی دەروونی بووە و ناتوانێت بخەوێت». ئاماژەش بە حاڵەتێکی دیاریکراوی مەترسیدار دەکات، منداڵێک لە ڕێگەی مۆبایلەوە هێندە بینەری ڤیدیۆی توندوتیژی و کوشتن بووە، کاتێک ئەو چارەسەرکارە قسەی لەگەڵ کردووە، منداڵەکە پێی گوتووە حەز دەکات لاسایی ڤیدیۆی کوشتن بکاتەوە و چێژ لە بینینی ئەو جۆرە ڤیدیۆیانە وەردەگرێت.

ئەو چارەسەرکارە باسی دایکوباوکی کورد دەکات کە ڕێگە نادەن منداڵەکانیان بچنە دەرەوە نەوەک تووشی هەڵسوکەوت و خووی خراپ بن، بەڵام بێ ئاگان لەوەی لە ژوورەوە مۆبایلێکی بێ سانسۆریان خستووەتە ژێر دەستی منداڵەکانیان و بە دەستی خۆیان کارەساتیان بۆ هێناونەتە ماڵەوە.

ئەوەش دەڵێ کە منداڵ پێویستی بە هاوڕێی ڕاستەقینە هەیە، پێویستی بەوەیە یاری لەگەڵ کەسێکدا بکات، لە باوەش بگیرێت و گرنگی پێ بدرێت.

### بە هەژماری دایکوباوکیان دەچنە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیەی لە زانکۆی هەولێری پزیشکی ئەنجام دراوە، ٪٨٥ی منداڵان لە ڕێگەی هەژمارەکانی دایکوباوکیانەوە تەماشای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن، کە بەبێ فیلتەرن و زۆربەی بابەتەکان بۆ تەمەنی سەروو ١٨ ساڵین.

ڕێباز ئەحمەد شارەزای تەکنۆلۆژیا و بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە، سەبارەت بە بەکارهێنانی مۆبایل و ئایپاد لەلایەن منداڵانەوە، ڕای وایە کە یەکێک لە کارە هەرە خراپەکان ئەوەیە دایکوباوک مۆبایلی خۆیان بدەنە دەست منداڵ و پلاتفۆرمێکی کۆمەڵایەتیان بۆ بکەنەوە، چونکە ئەم پلاتفۆرمانە پشت بە لۆگاریتم دەبەستن بۆ ناردنی زانیاری و ڤیدیۆ بە بینەران، بابەتەکان بۆ گەوران دەنێرن نەک منداڵ.

ئەو شارەزایە ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر لۆگاریتم دەدات و دەڵێ «کاتێک باوکێک سەیری ڤیدیۆی تەمەنی دیاریکراوی خۆی دەکات، لۆگاریتم زۆرترین ئەو ڤیدیۆیانە دەنێرێت بۆ کەسەکە کە خواستی لەسەر بووە و سەیری کردوون، کاتێک هەمان مۆبایل دەداتە دەستی منداڵەکەی، منداڵەکە هەمان ئەو ڤیدیۆیانە دەبینێت کە باوکی سەیری کردوون». ڕێباز دژی بەکارهێنانی مۆبایل و ئینتەرنێتە لەلایەن منداڵانەوە و دەڵێ پێویستە دایکوباوک مۆبایلەکانیان لە منداڵ دوور بخەنەوە، چونکە زۆربەی پلاتفۆرمەکان بەشێکی تایبەت بە منداڵانیان دابین کردووە و دەکرێت سوودی لەوانە ببینن نەک لە مۆبایلی گەورەکان، بۆ نموونە یوتیوبی منداڵان ڕۆژانە سەدان ڤیدیۆی منداڵانی تێدا بڵاو دەبێتەوە، تەنانەت پلاتفۆرمی ماسنجەری تایبەت بە منداڵانیش هەیە.

هەروەها بە گرنگی دەزانێت هێڵی ئینتەرنێتی فلتەرکراو لەناو ماڵاندا بەکار بهێندرێ و دایکوباوک هێڵی خێزانی دابین بکەن. هەروەها گووگڵیش فلتەری تایبەت بە منداڵانی هەیە و دەتوانرێت کاتی دیاریکراویش بۆ بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن منداڵانەوە سنووردار بکرێت.

بتشکێن



گۆران سەباح

# مامۆستای نەخوێندەوار

ئەگەر لە کۆمەڵگەدا کەس نەخوێنێتەوە، دەبێ مامۆستا نەک هەر بخوێنێتەوە، بەڵکو خوێنەرێکی زۆر جیدی بێت. ئایا لە کوردستان مامۆستایان دەخوێننەوە؟ تیراژی ڕۆمان بە نمونە وەربگرین، ئاشکرا دەبێت ناخوێننەوە.

زۆرترین تیراژ، ئەگەر هی نووسەرێکی پڕفرۆشیش بێت، لە هەزار دانە تێپەڕ ناکات.

ئەوەی گوتی لە هەزار زێتری چاپ کردووە، ڕاست ناکات.

جا ئەو هەزار دانەیەش، لانی کەم دوو ساڵ دەمێنێتەوە و سەرفیش نابێت. دوکانەیلی کتێب کە پێیان ناڵێم وەشانخانە، چونکە وەشانخانە نین، دوکانن بۆ خۆیان کتێب چاپ دەکەن و دەیفرۆشنەوە، ئێمە وەشانخانەی پرۆفێشناڵمان نییە، ئێستە ئەوانە فێر بووینە، دوو سەت یان سێ سەت دانە لە ڕۆمان چاپ دەکەن، جاری واش هەیە، تەنیا سەت دانە چاپ دەکەن. تاک و تەرا ڕۆمان هەیە ئەوەندە سەرف دەبێت، ئەوی دی ئەوەندەش سەرف نابێت.

بۆ شیعریش لەوە چاتر نییە، نەڵێی مێژوو و زانست و بوارەیلی دی، باشترن لە ڕۆمان. بە پێچەوانەوە، لە هەندێ حاڵەتدا، دەتوانم بڵێم، حاڵی ڕۆمان چێترە لە بوارەیلی دی. لێرە و لەوێ، بە چەند ساڵ جارێک، کتێبێکی مێژوویی یان هەر بوارێکی دی، فرۆشی لە هەزار تێپەڕ دەکات، ئەوە جیایە و نابێتە پێوانە چونکە بە دەگمەن ئەوە ڕوودەدات.

نێزیکەی دوو سەت هەزار مامۆستا هەن لە کوردستان. بێ لە مامۆستایانی زانکۆ، ئاخ و داخ لە مامۆستای زانکۆ، جارێکی دی باسی نەخوێندەواریی ئەوانیش دەکەم. ئەگەر سەتا دووی ئەو دوو سەت هەزارە ڕۆمانیان بخوێندباوە، دەبایە تیراژی دوو هەزاری ڕۆمانێک، گورەی هاتبا لە بازاڕ.

چاوت بکەوە و بپرسە: هەر لە چواردەوری خۆت، کام مامۆستا ڕۆمان دەخوێنێتەوە؟

مامۆستات نەخوێندەوار بێت، دەبێ کاریگەریی چی بێت لەسەر قوتابی؟ ئاخۆ دەتوانێت قوتابیان هان بدات بخوێننەوە؟ دەڵێم نەخوێندەوار، چونکە هەر خوێندەوارێک، خوێنەر نەبێت، نەخوێندەوارێکی چاو قایمە.

شاعیر، نووسەر، ڕۆژنامەنووس، ڕۆشنبیر، کۆمەڵناس، پزیشک، ئەندازیار و سیاسەتمەدارانیش ناخوێننەوە. بەڵگە چییە؟ بڕۆن سەیری تیراژی کتێب بکەن. لە ئۆنلاینیش ناخوێننەوە. پێم ناڵێی ئەو گەلە نەخوێندەوارە چۆن پێش دەکەوێت؟



وێنە: عومەر عەبدورەزاق

# هەولێر
# رەسەنایەتی یان نوێگەری؟

## "کاتێك یەکەم خانوو لە تەیراوە دروست کرا، خەڵك دەیانگوت تۆ بڵێیت کەی گورگ بیانخوات؟"



**زوهێر ئەلجەزائیری***

گ له هەولێر بەپێ یان بەسواری پیاسە دەکەم، لەپڕ دەوەستم... هەندێ خانووبەرە و شوێنی شارەکە یادەوەرییم دەژیێننەوە.

لێرە لەم میوانخانەیەدا، بە چوار چراکەیەوە، شەوێکم لە نێوان دوو تانکدا بەسەر برد، کە پاسەوانیی دەروازەکەیان دەکرد، لە پشت ئەم دەرگا داخراوەوە بارێکی تورکی لێ بوو، تێیدا خانمێکی شۆخ فێری نێرگەلەکێشانی کردم، پاشان خانمێکی تریشی فێر کرد.

ساڵ و نیوێک لەم شوقە تەسکەدا دەژیام، لە دووریی چەند مەترێک لە ئاژانسی (ا×وات العراق) کە خۆم بەڕێوەبەری بووم، لەم چایخانەیەدا کتێبەکەم بەناونیشانی: (حرب العاجز) تەواو کرد. خاڵی کۆتاییم دانا و سەرم هەڵبڕی تا ژیان ببینم، لەژێر قەڵا و لەسەر تەختی ئەم چایخانەیەدا بەتەنها جەژنی لەدایکبوونی خۆمم گێڕا... پیاسەم دەکرد و سەرم سووڕ دەما کە چۆن ئەم شارە لێم دوور کەوتەوە و لەیادی کردم.. لەنێو باڵەخانە تازەکان و گوندە هاوچەرخەکانیدا وێڵ دەبم.. گوندێکی ئینگلیزی، گوندێکی ئەمەریکی، گوندێکی ئیتاڵی... چەندین کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی پڕ لە باڵەخانەی قەشەنگ کە دوای من دروست کراون

ئۆتۆمبێلی کەشخەی جام رەش وەک تارمایی بروسکە ئاسا بەتەنیشتمدا بەرەو شوێن و کارێک دەڕۆن کە من نایزانم. شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە هەستی بە حەپەسانەکەم کرد، لێی پرسیم:

- دەزانی بۆ کوێ دەچی؟!

بەدەم ئاوڕدانەوە و هەوڵدان بۆ یادکەوتنەوە لە یادگەیەکی شەکەتەوە وتم:

- وێڵ بووم!

بەزەردەخەوە وتی:

- ئەوانەی لە دەرەوە دێنە هەولێر شتی وایان زۆر بەسەردا دێ، هەولێر خێرا دەگۆڕێت، منیش هەندێ شوێنی تازەی شارەزا نیم!.

... هەردووکمان وێڵین، راستییەکەی ئەوەیە شارەکە خۆی لە نێوان نوێگەری و رەسەنایەتیدا وێڵ بووە. چەند بەردەبازێک پێشڕەوی دەکات، پاشان ئاوڕ بۆ دواوە دەداتەوە، ئەنجا سەرلەنوێ بۆ پێشەوە هەنگاو دەنێتەوە، بەرەو کوێ؟

من مێژووی تایبەتیی خۆمم لەگەڵ ئەو شارەدا هەیە، کاتێک لە باشووریەوە بەرەو لای دێین؛ لە کەلێنی نێوان چەند گردێکەوە سەردەکێشینە ناوی، لەپڕ شارەکە دەبینین لە پێدەشتێکی نزمدا راخراوە و قەڵا لە ناوەڕاستیدایە. تەمەنم کەمتر لە دە ساڵ بوو کاتێک بۆ یەکەم جار ئەو شارەم بینی. ئەوکاتە وەرزی هاوین بوو، لە سەربانی میوانخانەیەکی بچووک لەسەر قەڵا خەوتین. باوکم بەشەکەتی خەوی لێ کەوت و منیش سەرنجی قەڵام دەدا، بیرم لەو چیرۆکە ئەفسانەییانە دەکردەوە کە بیستبوونم یان بەخەیاڵ دروستم کردبوون.

پیاوێکی بەساڵاچووی پشت چەماوەم بینی بە رێگەیەکی خۆڵدا بەرەو ماڵ هەڵدەزنا، سەرنجی هەنگاوە خاوەکانیم دەدا، پرسیم «چۆن دەگاتە جێ؟» ئەوە بەرزترین چیا بوو ئەوکاتە دیبێتم. چاوم لەسەر یەک بەیەکی هەنگاوەکانی بوو تا گەیشتە جێ و منیش خەوتم.

قەڵا خۆی وەک چەقە خاڵێکی رێپیشاندەر لە زەینمدا مایەوە و لەپشتی خۆمەوە دامدەنا بۆ دیاریکردنی ئاراستەی خۆم بەرەو هەولێرەکەی تر. هەولێر گرێبەندێکی نەنووسراوی لەگەڵ دانیشتوانەکەیدا هەیە کە نابێت پچڕان بکەوێتە مێژووەکەیەوە، هەربۆیە بەکۆنترین شار مایەوە کە بەردەوام و تا ئەمڕۆیش ژیانی تێدایە.. شارستانێتی لەسەر شارستانێتی، بەبێ پچڕان.

دانەبڕام؛ مەراقم سەردانیکردنی هەولێر بوو، جا ئەو شارە لە دۆخی شەڕدا بووایە یان ئاشتی. ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ شاندێکی رۆژنامەوانیدا سەردانم کرد و زەین و خەیاڵی خۆم بۆ چوونە ناو دەوڵەتی جوانیی بەرهەمزەکراو ئامادە کرد.

لەسەر لوتکەی چیا و گردۆڵکەکان رەبییەی سەربازی دامەزرابوون کە چواردەوریان بە گوێنییە خۆڵ و لوولەی تۆپ تەنرابوو، لە دامێنیاندا گوندەکان بەبەرچاوی دانیشتوانەکانیانەوە سووتێنرابوون، تا ئەو رەبییانە بەئارامی بنوون. لەودیو گردۆڵکەی پاشترەوە جوانییەکی تر هەبوو دەیگوت: چاوەڕوانبە هێشتا دیمەنی تر ماوە ببینیت! تا چاو بڕکات دەشت لە دوای دەشت، چۆڵ و هۆڵ، بەتەلی دڕکین تەنراو و مینرێژ کراو، لە هەردوو دیوی رێگەیشدا لاشەی ئۆتۆمبێلی سووتێنراو و جلی بەدڕکەوە گیربووی سەربازانت دەبینی!.

لە نەوەدەکاندا بینیم شوێنی سەربازگەکە کراوە بە پارکێکی گشتی و دکتۆر سامی عەبدولڕەحمان چاودێریی سەرەتاکانی ناشتنی نەمامەکانی دەکرد، پێش ئەوەی ببێتە پارکێک بەناوی ئەوەوە.



وێنەیەکی کۆنی بن قەڵاتی هەولێر

قەڵا بوو بە چاوساغم لە شارەزابوونی شارەکەدا. ساڵی ٢٠١٤ پرۆژەیەکم بۆ مێژووی زارەکی لەگەڵ زیاتر لە شەست کەسایەتیدا رێک خست، لەنێویاندا هەندێ لەوانەی لە قەڵادا لەدایک بووبوون و پێگەیشتبوون.

باسی ژیانی خۆیانیان لە قەڵادا دەکرد و دەیانگێڕایەوە کە سەروەختێک قەڵا سنووری شارەکەیان بووە و هێشتا لەیادیانە کە یەکەمین خانوو لە «تەیراوە« دروست کراوە و کاتێک لە دوورەوە تروسکایی رووناکیی ئەو تاکە ماڵەیان دیوە لە خۆیانیان پرسیوە: «تۆ بڵێیت کەی گورگ بیانخوات؟».

ئەو ساڵانەی لە شارەکەدا دەژیام خووم بە سووڕانەوە بەدەوری قەڵادا گرتبوو. لە چێشتخانە نزیکەکانی قەڵا کەبابم دەخوارد و لە چایخانەیەکی تەنیشتیشی چایم دەخواردەوە. لە سەرتاشخانە پرچم چاک دەکرد، خۆمم لە ئاوێنەدا دەبینی و لە پشتمەوە قەڵا دیار بوو. بەناو تۆڕە جاڵجاڵۆکەییەکەی بازاڕەکانیدا دەسووڕامەوە، حەزم لێیە لەناو جوانیی رەنگەکاندا ون ببم. پاشان دەردەچووم و بە قەڵاکەدا رێگەی ماڵم دەدۆزییەوە.

لە زەینی مندا شاری هەولێر بە قەڵاکەیەوە بەسترابوو؛ کە ناسنامەی شار و مێژووی خەڵکەکەی لەخۆ دەگرێت. لەبەرئەوە کاتێک دەمبینی ئاپارتمانە لووس و قەشەنگەکان لەم چەقە رەسەنەوە بەرەو نوێگەرییەکی بێ ناسنامە دوور دەکەونەوە؛ هەستم بە دابڕان و فەوتان دەکرد.

دەزانم شارەکە بەهۆی جووڵەی تایبەتی خۆی و پێویستیی دانیشتوانەکەیەوە کە لەناو مێژوویەکی نوێدا دەژین؛ فراوان دەبێت، دەزانم کەرەستەکانی بیناسازی نوێ دەبنەوە و خۆیان فەرز دەکەن.

ئێستا کە باران دەبارێت بۆنی خشت بەسەرمدا نایەت، دیوارەکان بێ تام و بۆنن! دەزانم نەوەیەلی نوێ وەک نموونەی مێژوویەکی بەسەرچوو تەماشای قەڵا و خەڵکەکەی دەکەن، جیاواز لە باب و باپیرانیان عەوداڵی شوێنی تازە و شەقامی نوێ و ماڵ و حاڵی جیاوازن.

لەگەڵ ئەوەیشدا هەولێری نوێ هێندە بەخێرایی لە رابردووی خۆی هەڵدێت من سام دەمگرێت. هەربۆیە ئەو پرسیارە لە خۆم و کەسانی دەوروبەریشم دەکەم: ئاخۆ هیچ هێڵێکی خۆڵەمێشی نییە رەسەنایەتیی قەڵا و نوێگەریی گەڕەکە تازەکان پێکەوە کۆ بکاتەوە؟

* نووسەر و رۆماننووسێکی عێراقییە

# کوردێک یەکەم قورئان بە زمانی ئاماژە دەنووسێتەوە

**دوین ئاریان**

مەلایەکی کورد لە هەولێر دەبێتە یەکەم کەس دەقی قورئانی پیرۆز بە زمانی ئاماژە بنووسێتەوە، ئەمەش دوای ئەوەی وەک خۆی دەڵێ درکی بە پێویستی هەبوونی قورئان بە زمانی ئاماژە کردووە، تا موسڵمانی نابیست کە بە زمانی ئاماژە قسە دەکەن، بتوانن قورئان بخوێننەوە.

مامۆستا مەلا عیزەدین حامد لەدایکبووی ١٩٧٨، ماوەی هەشت ساڵ لە مزگەوتی دەرماناوی هەولێر، وتاری ڕۆژی هەینیی وتاربێژی مزگەوتەکەی، بۆ زمانی ئاماژە بۆ نابیستان وەردەگێڕا، دواتر دەقی قورئانی پیرۆزیشی بە تەواوی بۆ سەر زمانی ئاماژە وەرگێڕا و لەلایەن لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستانیشەوە فەتوای دروستیی وەرگێڕانەکەی بۆ دەرکرا.

قورئانی پیرۆز بۆ یەکەم جار لە سەردەمی عوسمانی کوڕی عەففان، سێیەم خەلیفەی موسڵمانان نووسراوەتەوە و موسڵمانانی خوێندەوار لەو کاتەوە دەتوانن بەشێوەی نووسراو، قورئانی پیرۆز بخوێننەوە

عیزەدین حامد کە دەرچووی کۆلێژی شەریعەیە و مامۆستای وانەی ئایینی ئیسلامە لە قوتابخانەیەکی هەولێر. چوار ئەندامی خێزانەکەی نابیستن، ئەمەش بووە هاندەرێکی بەهێز بۆ ئەوەی دەست بە وەرگێڕانی قورئان بۆ سەر زمانی ئاماژە بکات.

پێشتر جگە لە وتاری هەینی، بەپێی توانا و کاتی خۆی، ئایەتەکانی قورئانی بۆ نابیستان وەردەگێڕا سەر زمانی ئاماژە، ئێستاش یەک هەزار دانە لەو وەرگێڕدراوەی عیزەدین حامد چاپ کراوە و خراوەتە بەر دەستی نابیستان، تا لەم ڕێگەیەوە بتوانن وەک موسڵمانانی ئاسایی، قورئان بخوێننەوە و خەتمی بکەن. بەرپرسانی یەکێتیی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی کوردستان پرۆژەکەی ئەو وەرگێڕەیان بە زۆر گرنگ و پێویست وەسف کردووە و جگە لە ستایش، بە مافی عیزەدین حامدی دەزانن ناوی بخرێتە ناو کتێبی گینس بۆ ژمارە پێوانەییەکان، چونکە یەکەم جارە دەقی قورئان بە تەواوی وەربگێڕدرێتە سەر زمانی ئاماژە.



وێنە: ڕیاز حەمدانی


وەرگێڕانی قورئان بۆ سەر زمانی ئاماژە ماوەی دوو ساڵی خایاندووە و پێشتر جگە لە دوو سێ سورەتی قورئان لە یوتیوب، قورئانی پیرۆز بە زمانی ئاماژە نەبووە، مامۆستا عیزەدین حامد بە شانازییەوە ئاماژە بەوە دەدات کە ئەو یەکەم کەسە لە جیهانی ئیسلامیدا، قورئانی بۆ سەر زمانی ئاماژە وەرگێڕاوە.

پرۆژەکەی ئەو مامۆستایەی هەولێر تەنیا بۆ نابیستانی کورد نییە، بەڵکو وەرگێڕانەکەی خزمەتی موسڵمانانی نابیستی هەموو نەتەوە و گەلانی ئیسلامی دەکات، ئەو بە ئاواتی ئەوەیە ڕۆژێک ببینێ موسڵمانێکی نابیستی نەتەوەیەکی دیکە، سوود لە وەرگێڕانەکەی وەردەگرێت.

وەرگێڕانەکەی مامۆستا عیزەدین حامد لە سەرەتای مانگی ئەیلوولی ٢٠٢٤ لە مەراسیمێکدا بڵاو کرایەوە، بەم هۆیەوە نابیستانی موسڵمانی کوردستان خۆشحاڵیان دەربڕی و سوپاسی ئەو هەوڵەیان کرد، وەک خۆی دەیگێڕێتەوە نابیستێک پێی گوتووە "دوای دەستکەوتنی ئەو قورئانە، هەست دەکەم ماڵەکەم ڕووناک بووەتەوە".

هەروەها ئاماژەش بەوەش دەکات کە جگە لە نابیستانی کوردستان، نابیستانی عێراقیش داوای چەند چاپێکی ئەو قورئانەیان کردووە، هیواشی خواست دەرفەت و توانای هەبێت کە وەرگێڕانەکەی چاپ بکاتەوە و بۆ هەموو شارەکانی عێراقی بنێرێت.

مامۆستا عیزەدین دەڵی زۆر دڵخۆشە بە پرۆژەکەی، چونکە هیوای بەوەیە بۆی ببێتە خێرێکی نەبڕاوە و لە دواڕۆژدا بخرێتە سەر کارە چاکەکانی. ئەو باسی لەوەش کرد، هەندێک خێرخوازی ئیسلامی پێیان گوتووە کە خێرێکی گەورەی بۆ خۆی تۆمار کردووە و ڕەنگە کەمتر نەبێ لەو خێرەی خەلیفەکانی ڕاشدین لە کۆکردنەوەی قورئانی پیرۆز لە یەک کتێبدا، بەدەستیان هێنا.





ئوسامە جەمیل

## مێژووی هونەر لە هەولێرێ

هونەر بە هەموو لقەکانی (شانۆ و دراما و گۆرانی و مۆسیقا و شێوەکاری)، بەشەکی گرنگن لە ژیانی مرۆڤ و سەرچاوەی داهێنان و ئەفراندنن، بێجگە لەوەش لایەنەکی دیار و بەرچاوی ژیانن بۆ ئەوەی بنیادەم گوزارشت لە هەست و جوڵە و بیروبۆچوونی بکات، کە باسی هونەر بکەین، دەبی یەکەم جار باسی گۆرانی بکەین، چونکە لە هەموو هونەرەکان کەونترە و لەگەر بوونی قسەکردن پەیدا بووە.

گۆرانی کوردی لە شاری هەولێرێ کە بە شێوە ئەکادیمییەکەی گۆترابی، دەبی لۆ سەرەتایەکانی سەدەی بیستەمی بگێڕینەوە، بە تایبەتی پاش داگیرکردنی عێراق لە لایەن بەریتانیا و هینانی ئامێری تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو لەگەر خۆیان، وەکی قەوان و چەند ئامێرەکی دیکەی مۆسیقایی، یەکەم کەس لە شاری هەولێرێ گۆرانی لەسەر قەوانی تۆمار کردبی کاوێس ئاغا (١٨٨٩-١٩٣٦) بووە، لە ڕواندزێ دەستیپێکردیە و لاوکەکانی ئەوێی هەوێنی ئازاری هێرشی ڕووسیای لۆ سەر ڕواندزێ بووە، پاشان دەچتە شەقراوەی، لە ساری (١٩٣٠)یش دەچتە شاری بەغدایێ و یەکەم قەوانی تۆمار دەکا، کە لاوکی گەنج خەلیل بووە.

لە شاری هەولێرێ زانای ئایینی مەلا ئەبوبەکر عومەرەفەندی ناسرای بە مەلافەندی (١٨٦٥-١٩٤٢) زۆر هانی مەولودخین و گۆرانیبێژەکانی هەولێرێی دایە، ساری (١٩٢٢) نامەکی لۆ عەبدولقادر نائیب ئۆغلی کەرکووکی دەنێری، کە مەقامبێژ و مەولودخینەکی ناوداری شاری کەرکووکێ بووە و داوای لێ دەکا کەسەکی بەتوانا بنێرتە هەولێرێ هەتا خەرکی فێری تەجوید و تەرتیلی قورئانی پیرۆز و بنەماکانی مەقامات بکات، ئەویش سەید مەردانی کە مەقامبێژ و زانای بواری تەجوید و تەرتیلی قورئانی بووە لە شاری کەرکووکێ، دەنێرتە هەولێرێ، شەهابەی هەولێری دەبیتە قوتابی سەید مەردانی، شەهابە کە ناسرایە بە شەهابەی هەولێری خاوەن دەنگەکی یەجگار خۆش بووە و مەلا فەندی عاشقی دەنگی بووە، لە دیوەخانی مەلا فەندی و ئاغا و خانەدانەکانی هەولێرێ گۆرانی و مەقاماتی گۆتیە، تەنانەت کە شا فەیسەڵی یەکەم دەمری، لە شاری هەولێرێ تازیەی لۆ دادەنێن و شەهابە لەوێ قورئانی پیرۆز دەخینی.

نووسەری گەورەی کورد مەسعود محەمەد دەرێ: بەڕێوەبەری تەندروستیی شاری هەولێرێ (سەبری قەبانی) کە خەرکی سووریای بووە، قەوانی لە میسر دەهینا هەولێرێ و لە دیوەخانی مەلا فەندی یا لە مارەکەی لە گەڕەکی باداوەی گێیان لە گۆرانییەکانی ئوم کەلسوم و سەید دەروێشی دەگرت، لە شاری هەولێرێ کۆمەرە چایخانەک هەبوون، وەکی حاجی وەلی چایەچی، حاجی مستیل، سەید جەمیل چایەچی، وەستا ڕەزا، عەلی فلەیح، قاوەخانەی عەبۆ، مەچکۆ، حاجی عەبدوڵلای خەیاڵ، گۆرانیبێژەکانی شاری هەولێرێ لەو چایخانانە دادەنیشتن و گۆرانییان دەگۆ، گرنگترین گۆرانیبێژەکان ئەوانە بوون: شەهابەی هەولێری، حاجی جەمیل قابقابچی، حاجی عەبدوڵلای خەیاڵ، مەمۆ کارگەچی، حەیدەربەقال (کەچەڵ)، مام جوبرائیل، کاوێس ئاغا، ڕەسول بێزار گەردی، حوسێن کێشکەیی، پیرداودە کۆر، جامیلە، زۆربەیان بە کوردی و تورکمانی و عارەبی گۆرانی و مەقامات و لاوک و حەیرانیان گۆتیە.




وێنە: گەیلان حاجی

# ئەسپەکانی هەولێر دەگوازرێنەوە

رێبەند سەعدوڵا

گ شەش حەفت ساڵ دەبووم، وەکی یەکەم جار پەیکەری ئەسپەکانی بەردەم تەلاری پارێزگای هەولێرم دیت، زۆر سەرنجی راکێشام، لەبەرچاوی منداڵیی من، گۆڕانێکی گەورەی بەسەر دیمەنی ئەوسای ناوەندی شاردا هێنابوو، گەلەک گەورە و بڵندم دەهاتنە بەرچاو، لە گوزارشتەکانی رووخسارییان ورد دەبوومەوە، ئەو یادەوەرییەم بۆ شۆڕش ئەمینی پەیکەرتاش گێڕایەوە، ئەویش سەربوردەی دروستکردنی پەیکەری ئەسپەکانی بۆ (گڵکەند) گێڕایەوە.

ڕۆژێکی ساڵی ١٩٨٧ بوو، یەحیا جاف پارێزگاری ئەوسای هەولێر سەردانی سلێمانی دەکات، بە پەیکەرەکانی ناو شار سەرسام دەبێت، بە پارێزگاری ئەوسای سلێمانی دەڵێ کێ ئەو پەیکەرە جوانانەتان بۆ دروست دەکات؟ پێی دەڵێن گەنجێکی پەیکەرتاشە هاوڕێی ئەندازیارێکی پارێزگایە، یەحیا جافیش داوا دەکات بۆ هەمان مەبەست پەیکەرتاشەکە بنێرنە هەولێر.

ئەندازیارەکە کەمالی عەبە کلاشە و داوا لە شۆڕش ئەمینی پەیکەرتاش دەکات چەند بیرۆکەیەکی نوێی فۆلکلۆری وەک مۆدێل ئامادە بکات، تا لەگەڵ خۆیاندا بیبەن بۆ هەولێر و پێشانی پارێزگاری بدەن.

شۆڕش ئەمین دەڵێ «من ئەوساکە عەسکەری فیرار بووم و نەدەوێرام بچمە دەرەوەی شار، چونکە داوای ناسنامەم لێ کرابا، دەگیرام، بەڵام کاک کەمال گوتی مەترسە، لە ڕێگەدا هەر چییان گوت، دەڵێین دەچینە لای پارێزگاری هەولێر.»

بەم شێوەیە لە ماوەیەکی کورتدا چەند مۆدێلێکی نوێ دادەتاشێ و خەبەر بە کەمالی عەبە کلاش دەدات کە ئامادەیە بۆ هەولێر، پێکەوە بە ئۆتۆمبێلێک دەکەونەڕێ، شۆڕش ئەمین دەڵێ «بەر لەوەی بگەینە جێی مەبەست، هاوسەفەرم پێی گوتم نەترسم لە نرخدانان بۆ کارەکانم و چەندم دەوێت داوا بکەم.»

ئیتر پەیکەرتاش وەک گەنجێکی هەژار لە بەرانبەر پارێزگاری ئەوسای هەولێر دادەنیشێ و لە کۆبوونەوەکەدا وەک خۆی دەیگێڕێتەوە «پارێزگاری هەولێر وای زانی کەمالی عەبەرەش پەیکەرتاشەکەیە و ڕووی قسەکانی لەو بوو، چونکە ئەندازیارێکی پۆشتە بوو، منیش کزەڵەیەکی ڕەشی ڕووخسار سووتاوی بەر هەتاو بووم، منی هەر نەدەبینی، دواتر کە پێیان گوت من پەیکەرتاشەکەم، پارێزگار ئافەرینی لێ کردم کە بەو جەستە بچکۆلانەوە کاری گەورەم کردووە».

شۆڕش ئەمین لەبارەی پەیکەری ئەسپەکانەوە ئاماژە بەوە دەدات کە ئەسپەکان یەک مۆدێل بوون و بریتی بوون لە چوار ئەسپ بە ناوی سەرکەوتن، چونکە ئەو لە دڵگەرمی گەنجانەی ئەوکاتیدا بیری لە سەرکەوتنی چوار پارچەی کوردستان کردووەتەوە، بەڵام لە پارێزگای هەولێر داوایان کردووە بیگۆڕێت و بیکات بە دوو مۆدێل و هەر یەکەیان لە سێ ئەسپ پێک بێت، ناوەکەشیان لە سەرکەوتنەوە وەرگێڕاوە بۆ ئەلنەسری عەرەبی.

ئەو کاتە کەمال یەڵدا یەکێ لە بەرپرسەکانی پارێزگای هەولێر بووە، شۆڕش ئەمین دەڵێ زۆر هاوکاری کردووە تا کارەکانی لە هەولێر تەواو کردووە. هەروەها باس لەوە دەکات لە ١٩٨٧دا هەولێر وەک ئێستا گەورە و قەرەباڵغ نەبووە، زۆر بە ئاسانی شوێنی پەیکەرەکانی دەستنیشان کردووە.

هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە کۆگایەکی گەورەیان لە دەرەوەی شار بۆ دابین کردوون و لەوێ سەرەتا پەیکەری ئەسپەکانی دروست کردوون، لە بەرانبەر ئەو کارەشیدا بڕی ٢٤ هەزار دیناری پێ دراوە.

شۆڕش ئەمین بۆ ماوەی چوار مانگ لە هەولێر ماوەتەوە تا کارەکانی تەواو بکات، دەڵێ بە شەو و بە ڕۆژ لەگەڵ چەند شاگردێکیدا کە لە سلێمانییەوە هاتبوون، لەناو کۆگاکەیدا خەریکی دروستکردنی پەیکەرەکان بووە. ئاماژەش بەوە دەکات کە دوای ئەسپەکان، دەستی کردووە بە دروستکردنی دوو پەیکەری سەر کانی ژنان، لەگەڵ پەیکەرێکی پەپوولە کە لە گۆڕەپانی بەهار و پەیکەری مەڕدۆشین کە لە ڕێگەی کۆیە داندرا.

لەو ماوەیەدا چەند جارێک سەردانی چایخانەی مەچکۆی کردووە، تەحسینی کوڕی مەچکۆ زانیویەتی ئەو گەنجە پەیکەرتاشە و لەبەردەم تەلاری پارێزگادا کار دەکات، داوای لێ کردووە وێنەیەکی خۆی بە جلوبەرگی کوردییەوە بێنێت، تا بە دیواری چایخانەکەیدا لە پاڵ وێنەی ناودارانی هەولێردا هەڵیواسێت، شۆڕش ئەمین دەڵێ «هەولێری هێندە وەفادارن، دوای ئەو هەموو ساڵە و پەیدابوونی ئەو هەموو هونەرمەند و ناودارە، تا ئێستا وێنەکەی من بەسەر دیواری چایخانەی مەچکۆوەیە.»




باس لەوەش دەکات کاتێک لە ٢٠١٤دا لە سویدەوە دەگەڕێتەوە هەولێر، لەگەڵ پارێزگاری ئەوکاتی هەولێر دانیشتووە و پارێزگار بەڵێنی پێ داوە کە پەیکەری ئەسپەکان نافەوتێنن و ئەگەر تەلاری پارێزگاش بگوازرێتەوە، پەیکەرەکانی لەگەڵ دەگوازنەوە.

شۆڕش ئەمین ساڵی ١٩٦٥ لە سەرچنار لەدایک بووە، باوکی ساڵی ١٩٧٣ لە گەشتی حەجدا لە سعوودیە کۆچی دوایی کرد، لەگەڵ دایکی و خوشکوبراکانیدا ناچار بووە بچنە گەرمیانی زێدی باوکی و لە ماڵی داپیرەیدا بژین، دواتر ساڵی ١٩٨٣ بۆ خوێندنی هونەر ڕووی لە سلێمانی کردووەتەوە، بەڵام لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان وەرنەگیراوە و پێی گوتراوە تۆ لە کفری دەژیت و بڕۆ لەوێ بخوێنە، دواتر داوای کردووە لە پەیمانگەی بەغدا بخوێنێت، لەوێش پێیان گوتووە بڕۆ لە سلێمانی بخوێنە، شۆڕش دەڵێ «لەم بەینەیا گیرم خواردبوو، دواتر هەر چۆنێک بێت لە سلێمانی تاقیکردنەوەیەکیان پێ کردم و وەرگیرام، ئیتر ماڵمان لە گەرمیانەوە هێنایەوە سلێمانی و ساڵی ١٩٨٧ لە پەیمانگە دەرچووم»، شۆڕش تا ١٩٨٧ چەند پەیکەرێکی گەورە و ناودار بۆ سلێمانی دروست دەکات، لەوانەش پەیکەری ئاسکەکانی کانی ئاسکان، کە تا ئێستاش ئەو شوێنەی ئەو پەیکەرانەی لێ داندرابوو، بە ناوی فلکەی ئاسکەکان دەناسرێتەوە.

باس لەوەش دەکات کە لە شەش فلکەی تری سلێمانی پەیکەر و کاری فۆلکلۆری هەبووە، بەڵام هەموویان ڕووخێندراون و لادراون.

یەکەم پێشانگەشی لە ساڵی ١٩٨٦ لە مۆزەخانەی سلێمانی کردووەتەوە.

شۆڕش ئەمین ساڵی ١٩٨٨ بەرەو ئەورووپا بەڕێکەوتووە و لە سوید گیرساوەتەوە، چەند ساڵێک لە ئەکادیمیای شاهانەی سوید لە ستۆکهۆڵم هونەری پەیکەرتاشی خوێندووە، چەندین پەیکەری لە شارە جیاوازەکانی ئەو وڵاتە داندراون، بەشداری لە چەندین سیمپۆزیومی جیهانیدا کردووە و چەند کارێکی هونەری بە بەهای سەدان هەزار دۆلار فرۆشراون، ئێستا گەڕاوەتەوە کوردستان و لە کێڵگەیەکدا لە نزیک شاری سلێمانی دەژی، خەریکی پرۆژەیەکی هونەریی گەورەیە لە هەولێر.

# ئەفسەرێکی پێشووی ئاسایشی هەولێر دەبێتە بەرپرسی پۆلیس لە هۆڵەندا

ڤلادیمێر ڤان ویڵگنبێرگ

گەنجێکی کورد کە لە ئاسایشی هەرێمی کوردستان ئەفسەر بووە، لە تەمەنی ٢٤ ساڵیدا وەک پەنابەر ڕوو لە هۆڵەندا دەکات و ئێستا بەرپرسێکی باڵای پۆلیسی ئەو وڵاتەیە.

ڕۆژی یەکی ئایاری ٢٠٢٣، سامان حەسەن کە پەنابەرێکی کوردی خەڵکی سلێمانی بوو، بە سەرۆکی کەرتی پۆلیسی باکوور و ڕۆژهەڵاتی جێڵدەرلاندی هۆڵەندا دەستنیشان کرا، ئەوەیش بۆ کەسێک کە ساڵی ١٩٩٨ مافی پەنابەری لەو وڵاتە بەدەست هێنابێت، دەستکەوتێکی گەورەیە.

سامان حەسەن بەم شێوەیە چیرۆکی سەرهەڵگرتنی خۆی لە کوردستانەوە بۆ هۆڵەندا بۆ (گلکەند) گێڕایەوە: "لە تەمەنی ٢٤ ساڵیدا لە سلێمانییەوە هاتم بۆ هۆڵەندا. لە کوردستان گەورە بووم، قۆناغی ناوەندیم لەوێ تەواو کرد و بووم بە ئاسایش". ئەو وەک ئەفسەری ئاسایش لە ١٩٩٣ تا ١٩٩٧ لە سلێمانی و هەولێر و هەڵەبجە و سۆران کاری کردووە، کە لەو ماوەیەدا شەڕی ناوخۆ لەنێوان پارتی و یەکێتی هەڵگیرسا. هەرگیز باوەڕی بە شەڕی ناوخۆ نەبووە، لەبەرئەوە بڕیاری داوە کوردستان بەجێ بێڵێت.

حەسەن لە ڕێی قاچاخچییەکەوە گەیشتووەتە هۆڵەندا و دەڵێ ئەوکاتە شتێکی ئەوتۆی لەبارەی ئەو وڵاتەوە نەدەزانی، جگە لە ناوی مانگای هۆڵەندی.

ئەو لە هۆڵەندا لە ناوچەی کرۆنینجین لە نزیک سنووری ئەڵمانیا دەگیرسێتەوە، جارێکیان ڕۆژنامەنووسێک دیمانەی لەگەڵدا کردووە لەبارەی تێڕوانینی بۆ ئایندە و خەونی ئەو لە هۆڵەندا؛ ئەویش وەڵامی دایەوە بەوەی حەز و پەرۆشیی هەیە بۆ کارکردن لەگەڵ پۆلیس.

پاش چەند ساڵێکی کەم حەسەن سەردانی سەرۆکی شارەوانیی گرۆنینجین و بەڕێوەبەری پۆلیسی فریزلاندی کرد تا یارمەتی بدەن بۆ بەدەستهێنانی کارێک لە پۆلیسی هۆڵەندا. لەمبارەوە دەڵێ: "لەو کاتەدا ڕەگەزنامەی هۆڵەندایيم نەبوو و چاوەڕوانی دەرچوونی پاسپۆرتە هۆڵەندایيەکەم دەکرد. بۆ مسۆگەرکردنی قبووڵکردنم لە هێزی پۆلیسدا قۆڵم لێ هەڵماڵی؛ پلانێکم دانا و دەستم دایە کارێک پەیوەندی بە خزمەتە کۆمەڵایەتی و یاساییەکانەوە هەبوو. سەیر ئەوەیە ئەو ناوچەیەی ئێستا من بەڕێوەی دەبەم هەمان ئەو ناوچەیەیە ساڵی ١٩٩٨ داوای پەنابەرییم تێدا کرد".

حەسەن ڕوونی کردەوە "ئەوە گەشتێکی دوور و درێژ و پڕ گڕبەری بوو، چونکە بە شەش ساڵ ئەنجا توانیم مۆڵەتی مانەوە بەدەست بێنم ئەویش پاش ساڵانێک لە کارکردنی سەخت و تەواوکردنی خوێندن. کاتێک سەرەنجام مۆڵەتی مانەوەم مسۆگەر کرد و ڕەگەزنامەی هۆڵەندایيم بەدەست هێنا، بووم بە خاوەنی ئەو بەڵگەنامانەی بۆ بەدیهێنانی خەونەکەم بە چوونە ڕیزی هێزەکانی پۆلیس پێویست بوون. ساڵی ٢٠٠٧ خەونەکەم هاتەدی و لە ئەکادیمیای پۆلیس وەرگیرام".

## ئاوێتەبوون نەک توانەوە

حەسەن پەرۆش بوو تیشک بخاتە سەر دیدگەی خۆی سەبارەت بە ژیانی ڕەوەندی کورد  لە هۆڵەندا، کە پێی وایە دەکرێت ئەو دیدگەیە بۆ کوردانی هۆڵەندا بەسوود بێت، وتی "کوردەکان هەندێ جار وا بیر دەکەنەوە ئەگەر هاتنە ئەورووپا لێرە ناسنامە و کولتوور و بەهاکانی خۆیان لەدەست دەدەن، من بەڵگەم لەسەر ئەوەی دەکرێت ئەم دوو جیهانە زۆر بەجوانی پێکەوە بژین. من لە سەرەتاوە بەخۆم وت پێویستە ڕێزی یاسا و بەهاکانی هۆڵەندا بگرم"، هەروەها وتی "من لە کوردستان هەڵاتووم، لەبەرئەوە ئێرەماڵی منە و پێویستە پەیڕەوی لە یاسا و بەهاکانی بکەم. ئەمە ئاوێتەبوونە نەک توانەوە".

هاوکات ئاماژەی بەوە دا کە بەشێکی بەرچاو لە کوردەکان کاتێک دەگەنە هۆڵەندا، خەمی پاراستنی ناسنامەی خۆیانیانە و زیاتر ڕوو لە وابەستەبوون بە هەندێ بەهای کۆن و بەسەرچوو دەکەن.

حەسەن هۆشداری دا لەوەی "هەندێ لە کوردانی هۆڵەندا خەون بەوەوە دەبینن ڕۆژێک بگەڕێنەوە کوردستان، کە ئەوانە زیاتر پابەندن بە ناسنامە و دابونەریتی کوردەوارییەوە تا پەسەندکردنی یاسا و ڕێسا و بەهاکانی هۆڵەندا. بەهەرحاڵ، دەشێت ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە ببێتە سەرچاوەی کێشە لەبەردەم ئاوێتەبوون بە کۆمەڵگەی هۆڵەندا و بەدەستهێنانی خۆشبەختییەکی درێژخایەن لێرە، چونکە دوواجار زۆر لەوانە ناگەڕێنەوە بۆ کوردستان". ئاماژەی بەوەیش دا "ئەو جۆرە کەسانە ڕێگە بەکچانیان نادەن بچن بۆ مەلەکردن، یان هاوسەرەکانیان بەتەنها شۆفیری بکەن و بە هەندێ یاسا و ڕێساوە وابەستەن کە تەنانەت لە کوردستان خۆیشیدا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە".

حەسەن جەختی لەوە کرد کە ئەم دیاردەیە تەنها لەناو کورددا باو نییە، بەڵکو هۆڵەندییەکانیش کاتێک کۆچ بۆ ئەفریقیا، ئوستورالیا یان ئەمەریکا دەکەن بەهەمان شێوە ڕەفتار دەکەن. ڕاسپاردەی حەسەن بۆ ئەوانەی کۆچ دەکەن بۆ هۆڵەندا ئەوەیە "یەکەم شت لە خەمی ئەوەدا بن زمان و یاسا و ڕێسا و بەهاکانی هۆڵەندایيەکان وەک پێکهێنەرە حاشاهەڵنەگرەکانی ژیانی خۆیان پەسەند بکەن".

حەسەن هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکی هۆڵەندایيدا کردووە کە لە سەردەمی قوتابیەتییدا یەکتریان ناسیوە و ئێستا دوو منداڵیان هەیە. "هاوسەرەکەم لانی کەم ١٦ بۆ ١٧ جار، لەگەڵ ماڵی خەزورم و منداڵەکانم سەردانی کوردستانیان کردووە". هەروەها وتی "من ٢٤ ساڵ لە کوردستان ژیاوم و ٢٣ ساڵیشە لە هۆڵەندا دەژیم. ساڵانە دوو جار سەفەری کوردستان دەکەم و لەو گەشتانەدا ژمارەیەکی زۆر پرۆژەم بۆ پۆلیس و ڕێکخراوی جۆراوجۆر ئەنجام داوە، تا ئەمڕۆیش بە ڕێگەی جیاواز بەردەوام بەشداری لەو کارانەدا دەکەم، کە پاڵنەرم تێیاندا تەنها پەرۆشی خۆم و بەپاڵپشتیی دارایی خۆیشم بوون".

حەسەن پێداگری لەوە دەکات ئاوێتەبوون لەگەڵ کۆمەڵگەی هۆڵەندا مانای دەستبەرداربوون نییە لە ناسنامەی کوردی "گرنگە سەرنجی ئەوە بدەین کە هیچیان ئەوی تریان وەلا نانێت. ئامۆژگاریی من بۆ ئەو کوردانەی لە هۆڵەندا دەژین ئەوەیە پێشینە بە فێربوونی زمان و تەواوکردنی خوێندنیان بدەن، بەوە دەتوانن بڕیاری ژیرانە لەبارەی ئایندەی خۆیان بدەن. گرنگە هاوسەنگییەک لەنێوان پاراستنی کەلەپووری خۆت و پەسەندکردنی کولتووری ئەو وڵاتەی میوانداری کردوویت ڕابگریت".

## بانگهێشتی شاهانە

حەسەن بەهۆی دەستکەوت و خزمەتەکانییەوە ساڵی ٢٠١٦ لەلایەن بنەماڵەی شاهانەی هۆڵەنداوە بانگهێشت کرا بۆ ئامادەبوون لە ئاهەنگی سەری ساڵ. حەسەن لەبارەی ئەو بانگهێشتکردنەوە وتی "پێوەرەکانی هەڵبژاردنەکە ئاشکرا نەکراون، بەڵام باسیان لەوە کردووە ئەو کەسانە لەبەر بەشدارییان لە دەوڵەتی هۆڵەندا و کارکردنم لە برەودان بە فرەڕەنگی و چارەسەری کێشیی پەنابەران و بەگژاچوونەوەی پەڕگیری بانگهێشت کراون".

لە میانەی ئاهەنگەکەدا دەرفەتی ئەوەی پێ درا سەرۆک وەزیرانی هۆڵەندا مارک ڕوت و ئەندامانی کابینەکەی و سەرکردەکانی پارتە سیاسییە جیاوازەکانی ناو پەرلەمانی هۆڵەندی ببینێت. تەواوی ئەندامانی بنەماڵەی شاهانە ئامادەی ئاهەنگەکە بوون، لەناویاندا پاشای هۆڵەندا ویلیەم ئەلێکساندەر، شاژن ماکسیما و ئەندامانیتری خێزانەکە.

حەسەن ئەوەیشی گوت "ئێمە گفتوگۆی تێروتەسەلمان کرد، بەتایبەت گفتوگۆیەکی بەسوودمان لەگەڵ مارک ڕوت سەبارەت بە کوردستان کرد، کە ئاگەداریی باشی لەو بارەوە هەبوو. لەڕاستیدا ئەو جۆرە ئەزموونانە شتی دەگمەنن".

حەسەن پاش ساڵانێک کار و ئەزموون لە کەرتی پۆلیسدا، ئێستا بەرپرسە لە سەرکردایەتیکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی پۆلیس لە ٢٢ شارەوانیی جیاوازدا، جگە لەوەیش چەند جارێک پێشنیاری بۆ کراوە پۆستی سەرۆکی شارەوانی/پارێزگار وەربگرێت.

سەبارەت بە ئایندەی خۆیشی دووا و وتی: "سەبارەت بە ئایندەی ڕێڕەوی پیشەیی خۆم دڵنیا نیم، بەڵام بە بوونی ١٨ ساڵ ئەزموون لە پۆلیسدا، بەردەوام بە پیشەیەکی بەدیهێنەری دەبینم. ئەگەرچی چەندین جار پێشنیارم بۆ کراوە بچمە ناو سیاسەت، بەڵام ئەم پێشنیارانەم ڕەت کردوونەتەوە، لەبەرئەوەی حەز و خولیام کارکردنی بەردەوامە لە پۆلیسدا".

"بەڕێوەبەری ئەو دەزگایەم ساڵی 1998 داوای مافی پەنابەرییم لێ کرد"



---

گوڵبژێنە



ئیسماعیل بەرزنجی

# سەربردەی ڕاوچییەکە

لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا، بەعس جۆرە مەفرەزەیەکی بەناوی مەفرەزەی موشتەرەکە دروست کرد. ئەوان لە (هەواڵگریی مەدەنی و عەسکەری، جەیشی شەعبی، ڕەفیق حیزبی و پۆلیس) پێکهاتبوون و بە دوو پیکاب بە گەڕەک و بازاڕەکاندا دەسوڕانەوە. لە هەر شوێنێک قەرەباڵغییەکیان بینیبا، ڕادەوەستان و پەرتەیان پێدەکرد.

من و ئەحمەد حەیران فیراری عەسکەری و موفلیس بووین، لەو قیامەتەدا، بڕیارمان دا بچین دیدارێک لەگەڵ حاجی قادری ڕاوچی ساز بکەین. ماڵی حاجی قادر کەوتبووە نزیک پردەکەی سێتاقان. ئەو لەبەردەم ماڵەکەیدا، چیمەنێکی جوانی ڕازاندبۆوە، تاژی و توولە بەو ناوەدا غاریان دەدا و جووتە کەوێکیش لەناو قەفەز دەیانخوێند.

ئەحمەد کامێرای هەبوو، منیش موسەجیلێکی گچکەم لە تاریق جامباز وەرگرت. ئەحمەد هەندێک پرسیاری لە حاجی قادر ڕاوچی کرد و منیش تۆمارم کرد. لە پڕ بینیمان لەکلکەی قوتابخانەی هەژارەوە دوو پیکابەکە بۆ لای ئێمە دێن، هەردووکمان شڵەژاین. ئەحمەد بە تیکەچاوێک سەیری کردم وەک بیەوێت بڵێت چی بکەین؟ بە ڕاوچییەکەم گوت تۆ سواری ئەسپەکەت بە با ئەحمەد ڕەسمت بگرێت. حاجی ڕکێفی لێدا و ئەحمەدیش بە غاردان بەدوای کەوت، بە بن پردەکەدا ڕۆیشتن و لەچاو ون بوون.

پیکابەکان گەیشتن، ئەفسەرێک بە پلەی نەقیب هاتە پێش و زۆر بەڕێزەوە سڵاوی کرد و لە هۆکاری ئەو قەرەباڵغییەی پرسی و منیش وەرامم داوە:

– من و ئەو برادەرەم ڕۆژنامەنووسین، هاتووین دیدارێک لەگەڵ ئەو ڕاوچییە ساز بدەین.

بزەیەکی هاتێ و لەسەرەخۆ گوتی:

– دەستتان خۆش، بەڵام زوو پەرتەی لێبکەن

هەناسەیەکم هاتەوە بەر، باش بوو داوای ناسنامەی نەکرد، هوردە هوردە گەڕامەوە ماڵ. ئەحمەد هەفتەیەک خۆی شاردەوە، کە بینیم پسابن ئەوەندەی پێبکەنین.

دیدارەکەم پاکنووس کرد و ناردم بۆ گۆڤاری ڕۆژی کوردستان و بڵاوکرایەوە، پاشان پاداشتەکەیان بۆ ناردین کە ١٥ دینار بوو، لەگەڵ ئەحمەد وەک برایان دابەشمان کرد و سەرو حەفت دینار و نیومان بەرکەوت.

ئەحمەد وەها زراوی ڕژابوو، تا ماوەیەکیش لە جیاتی ئەوەی بڵێت (ئەمنە بەدلە شینەکان)، دەیگوت (ئەمنە بەرامبیل شینەکان).

## پرۆژەیەکی بێوێنەی چاندن لە زانکۆیەکی کوردستان

# سەوزەی ئەورووپی لە ئاودا دەچێنن





**باسل خەتیب**

گ ئەندازیارێکی گەنج کە سەرکردایەتیی تیمێک لە کەسانی پسپۆڕ و خاوەن توانای زانستی و ئەکادیمیی ئاست بەرز دەکات بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەکی کشتوکاڵیی بێ پێشینە، ڕێگەچارەیەک بۆ چەندین کێشە و بابەتی دەستەویەخەی وەک کەمیی ئاو و ئاسایشی خۆراک دەدۆزێتەوە.

پۆلێک گەنجی کورد، بە سەرپەرشتی دارا گۆڤەند شێروانی شارەزای بواری تەکنەلۆژیای زانیاری، توانیان لە زانکۆی جیهان لە هەولێر تەکنیکی چاندن لە ئاو Hydroponics بەکار بێنن بۆ بەرهەمێنانی چەندین جۆر سەوزەی زێدە بەنرخ -لە کاهووی فەرەنسی و هۆڵەندییەوە بۆ ڕەیحانی ئیتاڵی- کە پێشتر ئەو بەرهەمانە لە دەرەوە هاوردە دەکران لەبەرئەوەی لە ناوخۆ سەوز نەدەبوون. زیاد لەوەیش، بەپاڵپشتیی هەندێ ڕێکخراوی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی ئێستا دەتوانرێت پێویستیی ناوخۆ بەو جۆرە سەوزانە پڕ بکرێتەوە.

### خەونێکی سێ ساڵە

وەک گۆڤەند شێروانی ڕوونی دەکاتەوە چیرۆکەکە ساڵی ٢٠٢١ دەستی پێ کرد، کاتێک بەرنامەی پەرەپێدانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP) کۆمپانیای (سکیڵ هاوس)ی ڕاسپارد کە کۆمپانیایەکی ڕاوێژکارییە و گۆڤەند شێروانی بەڕێوەبەریەتی، توێژینەوەیەک ئامادە بکات تا بزانرێت ئاخۆ دەکرێت بەرنامەی چاندن لە ئاو لە پارێزگای نەینەوا جێبەجێ بکرێت.

بەگوتەی شێروانی «ئەنجامی توێژینەوەکە کە لەلایەن کەسانی پسپۆڕ لە بواری کشتوکاڵ و بزنس و بازاڕکارییەوە ئامادە کرابوو، زۆر ئومێدبەخش بوو. ئەو کاتە پێشنیاری جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی چاندن لە ئاومان خستە بەردەم UNDP، وەک سەرەتایەکی مژدەبەخش بۆ پرۆژەی تری هاوشێوە لە ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان و عێراق»

شێروانی باس لەوە دەکات UNDP لە کاتێکدا پێشوازی لە پێشنیاری بەرهەمهێنانی ئەو ڕووەکانە کرد کە بەهۆی فاکتەرەکانی کەشوهەواوە ناتوانرێت لە ناوخۆدا لە ڕێی کشتوکاڵی کلاسیکییەوە بەرهەم بهێنرێن، بەڵام ئامادە نەبوو پرۆژەکە پارەدار بکات.

تیمەکە هاوکات توانی ئیمزاکردنی گرێبەندێک لەگەڵ زانکۆی جیهاندا مسۆگەر بکات؛ بەو پێیە مافی هەیە بۆ ماوەی پێنج ساڵ پارچە زەوییەکی گونجاو بەڕووبەری ٥٢٠ مەتری چوارگۆشە لەناو کەمپی زانکۆکە لە هەولێر بەکار بێنێت. لەوێ بۆ یەکەم جار خانوویەکی پلاستیکی greenhouse چاندن بە ئاویان بەمەبەستی ڕاهێنان دامەزراند، کە بەرهەمەکەی دەبێتە قازانج بۆ ئاژانسە جێبەجێکارەکان. شێروانی باسی لەوەیش کرد کە پرۆژەکەیان پێشکەش بە ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی سەر بە ویلایەتە یەکگرتووەکانیش کردووە، کە نە تەنها پێشوازییان لێ کرد، بەڵکو لە چوارچێوەی پاڵپشتیی ئاژانسەکە بۆ سێکتەری کشتوکاڵ لە عێراقدا، سیستمێکی وزەی خۆریشیان بەدیاری بەخشییە تیمەکە.

بەگوتەی شێروانی تیمەکە کەسانی پسپۆڕی لە بوارەکانی پەیوەندییەکان، کارەبا و بازاڕکاری و هەروەها شارەزایانی بواری کشتوکاڵی تێدا بوو، «ئێمە لە ئاداری ٢٠٢٣ دەستمان بە جێبەجێکردنی پرۆژەکە کرد و لە سەرەتای ٢٠٢٤دا بەکردەوە بەرهەمهێنان دەستی پێ کرد».

خانووە پلاستیکییەکە لە هەر مانگێکدا ٧٢٠٠ شەتڵ بەرهەم دێنێت بە تێکڕای ١٥ شەتڵ لە هەر مەترێکدا، کە بەرهەمی زۆر زیاترە لەوەی دەکرێت لە کشتوکاڵی کلاسیکی بەدەست بهێنرێت. کڕیارانی پرۆژەکە ڕێستورانتەکانی فاست فوودن لە هەولێر، لە بەغداشەوە داوای لەسەرە.

چاندن لە ئاو شێوازێکی نوێ و بەردەوامی کشتوکاڵکردنە کە تێیدا ڕووەکەکان لەناو خاکدا سەوز نابن بەڵکو زیاتر لەناو ئاوێکی تێرکراو بە پێکهاتە کانزاییە خۆراکییەکاندا سەوز دەبن. ئەم جۆرە کشتوکاڵە یارمەتیی زیادکردنی بەرهەم و پارێزگاریکردن لە ئاو و پاراستنی ژینگە دەدات

# لە هەولێر ساڵانە سەد هەزار نەمام بەخۆڕایی دابەش دەکرێت

**هەرمان خالید**

گ ئەندازەی پارکەکان لە هەولێر لە ڕێگەی سێ نەمامگەوە، ساڵانە ١٠٠ هەزار نەمام بەرهەم دێنێ و بەسەر شارەوانییەکانی هەولێر، قوتابخانەکان، مزگەوت و نەخۆشخانەکاندا دابەشیان دەکات، جگە لە پێدانی نەمام بە هەر هاووڵاتییەک کە بۆ ئەو مەبەستە سەردانیان بکات.

ڕێبین ئەحمەد بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکانی هەولێر لە لێدوانێکیدا بۆ (گڵکەند) ڕای دەگەیەنێت لە پێنج ساڵی ڕابردوودا نزیکەی ٤٠٠ هەزار نەمام و ٤٠٠ هەزار شەتڵی گوڵیان بەرهەم هێناوە و لە ناوچە جیاوازەکانی هەولێر چاندراون.

ئەو بەڕێوەبەرایەتییە لە ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ پارێزگاری هەولێر هەڵمەتێکی ماڵ بە ماڵیان لە گەڕەکی ماردین دەست پێ کرد، کە هەزار نەمامیان لەو گەڕەکە بەسەر خەڵکەکەیدا دابەش کرد، بەڵام بەهۆی خزمەتنەکردنی بەشێک لە دارەکان لە لایەن هاووڵاتییانەوە، ئێستا کاری بەڕێوەبەرایەتییەکە گۆڕاوە و هەر کەسێک نەمامی بوێت، خۆی دەتوانێ سەردانیان بکات.

بۆ زیادکردنی ژمارەی دار و سەوزایی لە هەولێر، بەپێی مەرجی شارەوانی، هەر کەسێک خانووێک دروست بکات، دەبێ دار لەبەردەم ماڵەکەیدا بچێنێ، ئەو کەسەی ڕووی دەرەوەی خانووەکەی پێنج مەتر بێت، پێویستە دارێک بڕوێنێ و ئەو کەسەش کە ڕووبەری دەرەوەی خانووەکەی ١٠ مەتر بێت، پێویستە دوو دار بچێنێت.

گونجانی دارەکان لەگەڵ کەشوهەوای هەولێر و گەشەکردنی دارەکان، دوو هۆکاری گرنگن بۆ ئەوەی نەمامگەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ئەندازەی پارکەکان زۆرتر نەمامی دارەکانی سیسەم، لادونیا و ئەلبیزیابەرهەم بهێنن، کە بە دوو ساڵ دەبنە دارێکی تەواو، نەمامە بەرهەمهێنراوەکانیش بەسەر دامودەزگا جیاوازەکان و هاووڵاتییاندا دابەش دەکرێن.

ڕۆژانە ئەو هاووڵاتییانەی دۆستی ژینگەن و حەز بە سەوزایی زیاتر دەکەن، بۆ وەرگرتنی نەمام ڕوو لە بەڕێوەبەرایەتیی ئەندازەی پارکەکان دەکەن و بەخۆڕایی نەمام وەردەگرن.

ئێستا ٤٥٠ پارک و باخچە لە هەولێر هەن، کە ٢١یان پارکی گەورەن، هەموو ئەو پارک و باخچانە و سەوزایی دوورگە ناوەندییەکانی شەقامەکان و زەوییە سەوزاییەکانی دامودەزگا و ماڵەکان، ڕێژەی ٪٢٠ی هەولێر پێک دەهێنن. پێشتر ڕێژەی سەوزایی لە هەولێر تەنها ٪١٧.٥ بووە و لە کابینەی نۆیەمی حکوومەتدا گەیشتووەتە ٪٢٠.

ساڵانێکی زۆرە هەوڵی سەوزکردنی هەولێر دەدرێ، بەڵام بەهۆی ئەوەی پێشتر بەشی زۆری دارەکان لە دەرەوە بەتایبەت لە ئیتاڵیا و تورکیاوە دەهاتن، بەشێکی دارەکان لەناوچوون، چونکە لەگەڵ ژینگە و کەشوهەوای هەولێر نەدەگونجان، بەڵام ئێستا نەمامگەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ئەندازەی پارکەکانی هەولێر ئەو دارانە بەرهەم دەهێنن، کە لەگەڵ کەشوهەوای هەولێر دەگونجێن.

بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکان دەشڵێ ٦٠ هەزار نەمامیان لە ڕێگای مەخموور لە جادەی ١٠٠ مەتری تا مامزاوە چاندووە و دوورگە ناوەندییەکەی بووە بە جوانترین دوورگەی ناوەندی لە شارەکە.

ڕێبین ئەحمەد ئاماژەی بەوەش کرد کە لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی حکوومەت، چەند پارکێکی گەورە و نوێ دروست دەکرێن. ئەو پارکانەی ئێستاش دروست دەکرێن و ساڵی داهاتوو تەواو دەبن، بریتیین لە پارکێک لە ڕێگای مووسڵ کە گوژمەی سێ ملیار و ٤٠٠ ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە، پارکێکیش لە ڕەشکین کە گوژمەی ١٥ ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە. هەروەها پارکێک لە گەڕەکی ژیان بەگوژمەی زیاتر لە یەک ملیار دینار.




وێنە: عومەر عەبدورەزاق

# مەلافەندی مەسیحییەکانی عەنکاوەی لە کۆمەڵکوژیی پاراست

**نازم دڵبەند**





گ ڕەنگە زۆر کەس ئەم ڕاستییە نەزانێت کە لە ئانوساتی کۆمەڵکوژیی گەلی ئەرمەندا، لە هەولێریش هەوڵی کۆمەڵکوژیی مەسیحییەکانی عەنکاوە درا، ئەمەش دوابەدوای شکستە گەورەکەی سوپای عوسمانی بوو لە بەرەکانی جەنگی جیهانیی یەکەم و کشانەوەیان لە عێراق بەرەو هەولێر، لە ساڵانی ١٩١٧ و ١٩١٨دا ئەم سوپا شکستخواردووە، بەهۆی جیاوازیی ئایینی و بۆ خوڵقاندنی کەشێکی توندڕەویی ئایینی لە هەولێر، هەوڵی کۆمەڵکوژیی مەسیحییەکانی عەنکاوەی دا.

شارۆچکەی عەنکاوە لە باکووری هەولێر، لە کۆنەوە تا ئەمڕۆش کۆمەڵگەیەکی مەسیحینشینی لەخۆ گرتووە و بەردەوام لەگەڵ پێکهاتەکانی تری کۆمەڵگەی کوردستانیدا بە ئاشتی و تەبایی ژیاون. بەڵام کاتی خۆی سوپای عوسمانی، هەوڵی تۆڵەکردنەوەی شکستەکەیان بەرامبەر سوپای ئینگلیز و هاوپەیمانان دا، لە ڕێگەی هاندانی موسڵمانانی هەولێر بۆ کۆمەڵکوژکردنی مەسیحییەکانی عەنکاوە. مەسیحییەکان کە بەم پیلانەیان زانی، هەر زوو لە ترسی دووبارەبوونەوەی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان لە شارۆچکەکەیان، لەسەر دەستی عوسمانییەکان، پەنایان بۆ گوندی باداوە لە ڕۆژهەڵاتی هەولێر و دیوەخانی مەلافەندی برد.

مەلافەندی هەموو خێزانە مەسیحییەکانی عەنکاوەی لە کۆشکی باداوە (کۆشکی خۆی) و مزگەوتی گەورەی قەڵاتی هەولێرێ پەنا دا، لەگەڵ محەمەد موفتیی ئامۆزای ڕووبەڕووی ئەو پیلانگێڕییە بوونەوە و فەتوایەکیان دەرکرد.

لە فەتواکەیاندا، مەلافەندی و محەمەد موفتیی ئامۆزای دەڵێن «پێویستە لەسەر هەموومان پارێزگاری لە خەڵکی عەنکاوە بکەین، چونکە ڕوون و ئاشکرایە، هەر کەسێ دەستی بە خوێنی برا مەسیحییەکانمان سوور بێت، خوا لە ڕۆژی قیامەت سزای دەدات، سەرباری سزای خواش، هەر کەسێک مەسیحییەک بکوژێ، بەپێی یاسا ڕووبەڕووی سزای دادگا دەبێتەوە».

مەلافەندی جگە لەو فەتوایە، داوای لە هۆزە کوردییەکانی ناوچەکە کرد، پێویستە هەر یەکە بە دەیان کەس لە پیاوانی خۆی، بە چەکەوە بنێرنە شارۆچکەی عەنکاوە بۆ بەرگریکردن لە دانیشتوانەکەی، بۆ ئەوەی وەک ئەرمەنەکان بە دەستی سوپای عوسمانی کۆمەڵکوژ نەکرێن. ئەو هەڵوێستانەی مەلافەندی و خەڵکی هەولێر و دەوروبەری، بووە هۆی ڕزگاربوونی مەسیحییەکان لە کۆمەڵکوژکردن و گەڕانەوەیان بۆ سەر ماڵ و موڵکی خۆیان لە عەنکاوە.

کەسایەتی و قەشە و پیاوانی ئایینیی مەسیحی لە عەنکاوە، تا ئێستا ئەو فریادڕەسییەی مەلافەندییان لەبیر نەکرد. ئەوان لە هەموو بۆنە ئایینی و ساتە ئاساییەکان سەردانی دیوەخانی خانەوادەی مەلافەندی و ڕەشاد موفتییان دەکرد. ڕەشاد موفتییش کە زانایەکی ئایینیی ئیسلامی بوو و لە خانەوادەی مەلافەندی بوو، تا کۆچی دوایی کرد بەردەوام پەیوەندی و هاموشۆی لەگەڵ کەسایەتییە مەسیحییەکانی عەنکاوە هەبووە، لە خۆشی و ناخۆشیی یەکتریدا بەشدار دەبوون.

# کورتاندروو و کچە کافرۆشی گەڕەکی خانەقا

**نازم دڵبەند**



گ گەڕەکی خانەقای هەولێرێ، کە دەکەوتە ناوەندی شار، نزیک بازاڕی شێخەڵڵا و مزگەوتی شێخ مستەفا، بەشەکی لە لای مزگەوتی خانەقا و ناوچەقی بازاڕ بەلای قاوەخانەی عەبۆ قاوەچی و لۆقنتەی تاجریان بوو. بەشەکەی دیکەشی لە بازاڕی قەیسەرییەوە دەگەیشتە گەڕەکی عارەبان و تەعجیل، لە لای تەکیەی شێخ عەبدولکەریمیشەوە دەگەیشتە تەیراوە. تا هەشتاکانی سەدەی بیستەم، گەڕەکی خانەقا چەندین کۆڵانی دوور و درێژ، گۆڕەپان، کۆگا، گەراج، حەسار و دوکانی لێ بوو.

ئەو گەڕەکە سێ گۆڕستانی گەورەی تێدایە، گۆڕستانی گەورە و چراغ و شێخەڵڵا، بەرامبەر مزگەوتی شێخ مستەفاش مەزارگەیەکی بەناوی مەزارگەی پێنج عەلی لێیە، کە جاران خەڵک بۆ مراز و پاڕانەوە ڕوویان تێدەکرد

خانەقا چەندین کەسایەتیی کۆمەڵایەتی لێ هەڵکەوتووە، وەک حاجی نامق، حاجی جەردیس، مەلا هاشم، شێخ عەبدولکەریم، بەکر حوسێن و شێرۆی پەڕەچی و ژنەکانیش دایکە هەدیە، دایکە مەلیکەی دایکی عەلی حەسەنی یاریزانی هەڵبژاردەی هەولێر و پوورە ئەڵماس، کە لە کەسە ناودار و خانەدانەکانی سەدەی ڕابردووی گەڕەکەکە و هەولێر بوون.

شوان بەکر، منداڵێکی گەڕەکی خانەقایە، چیرۆکیکی دایکە هەدیە دەگێڕێتەوە کە ساڵی ١٩٨٢ گەنجێکی یاریزانی تۆپی پێی دانیشتووی خانەقا بەناوی نەجدەت ئیسماعیل لە شەڕی عێراق و ئێران گیانی لەدەست دا، ڕژێمی بەعس ئۆتۆمبێلێکی وەک قەرەبوو بە خانەوادەکەی بەخشی، بەڵام خاتوو هەدیەی دایکی نەجدەت وەک ناڕەزایی دژی ڕژێم، ئۆتۆمبێلەکەی لەسەر جادە سووتاند

کاتی خۆی دانیشتوانی قەڵات بە گەڕەکی خانەقایان دەگوت (کورتە مەحەلاسی) واتە گەڕەکی کورتان، چونکە چەندین کورتاندرووی لێ بووە.

جگە لە کورتاندرووەکان، ئەو گەڕەکە چەندین کاری پیشەسازی و بازرگانیی دیکەی لێ کراوە، وەک دروستکردنی دارجۆت و پێڵاو، کارگەی ئاسنگەری، پەڕەچی و بازرگانیی دار، گەنم و جۆ و خوری و سوف.

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، ئینگلیزەکان (باش چاوش) یان قەرەقولیان لە گەڕەکی خانەقا هەبوو. ئەوان زۆر لە پیاوە مەردەکانی ئەو گەڕەکە ترساون، بەتایبەت لە حەسەنەشەل، کە دواتر بە پیلانێک دەستگیریان کرد و لەپێش سەرا لەسێدارەیان دا. دواتر بەهۆی مەردی و ئازایەتییەکەی، حەسەنەشەل بووە چیرۆک و چەندین حەیران و قۆریاتی پێداهەڵگوترا.

یەکێک لە کەسایەتییە مێژووییەکانی گەڕەکی خانەقا، کچی کافرۆشە، کە خەڵکی ئەو گەڕەکە بووە و لە کۆڵانی گۆمەسپی ژیاوە. ئینگلیزەکان ئەو کچەیان ڕفاندووە و وەک سەرچاوە زارەکییەکان باسی دەکەن، ئەفسەرێکی ئینگلیز زۆر بە جوانییەکەی سەرسام بووە و بۆ خۆی ڕفاندوویەتی و بردوویەتیە بەریتانیا.

هەر لە گەڕەکی خانەقا، چیرۆکێکی خۆشەویستی دروست بووە کە مێژووەکەی بۆ ٢٠٠ ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە و بە دوو جۆر دەگێڕنەوە. یەکەمیان باس لەوە دەکا (حۆرییە)ی تەمەن ١٥ ساڵ کچێکی زۆر جوانی پیاوێکی دەوڵەمەند بووە، عاشقی کوڕە عەجەمێکی پێستەچیی هەژار بووە و باوکیشی بە هاوسەرگیرییان ڕازی نەبووە، بۆیە هەردووکیان دەستی یەکیان گرتووە و هەڵاتوون. گێڕانەوەی دووەمیش باس لەوە دەکات، کە کچەکە کچی پیاوێکی هەژار بووە، لەلایەن کوڕە عەجەمەکەوە ڕفێندراوە. بەڵام سەرچاوە مێژووییەکان زیاتر گێڕانەوەی یەکەم پەسەند دەکەن و دەڵێن دوای ئەوەی حۆرییەی دەوڵەمەند و کوڕە عەجەمە هەژارەکە هەڵاتوون، باوکی حۆرییە زۆر بە دوای کچەکەیدا گەڕاوە و بۆ سۆراغیشی گەیشتووەتە تورکیا، لەوێ سەربازی عوسمانی گرتوویانە و کردوویانەتە سەرباز و ناردوویانەتە شەڕی بەڵقان.

شەوقی زەردەپەڕ



عەبدولڕەحمان فەرهادی

## زمان بەڵای سەرە!

هەن زمانیان وەباش ناگەڕێ، ئەمانەش ئەوانەن کە قسەی خێریان لە دەم نایەتە دەر، ئەگەر زمان لێگەڕێ، سەر ڕەحەتە. قسەی زماندرێژان جێی لە دڵان نابێتەوە. زمان لە سەردا، ئێشکگری سەرە. هەروەها کورد دەڵێ: زمان، نەبڕم سەرت، دەبڕیی سەرم. واتا: زمان بەڵای سەرە و دەبێ بزانیی چۆنی دەگێڕیی و لەو شکەفتە بچکۆلانەیەدا چۆنی دەهێنی و دەبەی، کەواتە زمان پارێزگارتە، ئەگەر پاراستت ئەویش دەتپارێزێت.

هەروەها دەگوترێ: زمانشیرینی لە بەهەشتەوە هاتووە. کورد، جگە لە پەند، دنیایەک ئیدیۆم و قسەی نەستەق و ئافۆریزمی هەیە، بە قسەخۆشان دەڵێن زمانشیرین یان زمان تەڕ و پاراو، هەروەها بە زماندرێژان دەڵێن زمانشڕە یان زمانی دەڵێی مەقەسە، جا هەن دەشزانن قسەکەیان تووشی کێشە و ئازار و نەهامەتییان دەکات، ئەمانە ئەو کەسانەن کە زمانی خۆیان پێ زەفت نابێت، چونکە زمانیان دەرەقەتی بیرکردنەوەیان نایێ و بێ تێفکرین دەدوێن، واتا بەخۆ ناوەستن و ناتوانن کڕ بن، ئەوانە ئاوەزیان ئازاتر و ئازادترە لە زمانیان، بۆیێ قسە لە دەمیان گیر نابێ. کورتە چیرۆک یان سەرهاتێکی تەنزەئەدەبی ڕووس هەیە، پێم خەرا نییە پوختەکەیتان بۆ بگێڕمەوە:

لە ئیختیارێکی ڕووسیان پرسی:

– ئەرێ، دە بۆمان بگێڕەوە، بۆچی حکوومەت سێ جارانی لە حەپسێ نای؟

– کە چوومە ناو حیزب، گەنج و تولاز بووم، تازە دەگەیشتمێ. کردمیانە پارێزبەندی بەرپرسێکی حیزب کە بەردەوام باسی مێژوو و بنەما و پرەنسیپەکانی حیزبی بۆ دەکردم. ڕۆژێکیان هەردووکمان بە بەردەم کرێملیندا دەڕۆیشتین، پێی گوتم:

– شوورەی کرێملین، بڵند دروست کراوە.

– ئەوە بۆچی وا بڵندیان دروست کردووە؟

– بۆ ئەوەیە کەر نەتوانن بەسەریدا باز بدەن.

– مەبەستت ئەوەیە کەر لە دەرەوەڕا نەتوانن بازی بەسەر بدەن، یان لە ناوەوەڕا؟

لەسەر ئەو قسەیەم لە حەپسێیان پەستام. هەتا ستالین نەمرد، منیشیان بەرنەدا.

کە ئازاد کرام، زۆر خۆشحاڵ و بەختەوەر بووم، لەبەر هەندێ، لە ماڵەوە وێنەی خڕۆشۆڤم بە تەنیشت ستالینەوە هەڵواسیی.

بەرپرسەکەم بۆ سەردانیم هاتە ماڵەوە:

– ئێستایش وێنەی ئەم کەرە هەڵدەواسیت؟

– کامەیان؟

لەسەر ئەم وشەی (کامەیان)ە، ڕاپۆرتێکی لەسەر نووسیم و هەمان ڕۆژ بردمیانەوە حەپسخانە.

کە خڕۆشۆڤ مرد، بەریاندام.

دوا گرتنیشم ئەوە بوو کە لە ئاهەنگی لەدایکبوونی یەک لە نەوەکانم بووم، هەر ئەو بەرپرسەم پێوەندیی پێوە کردم:

– ئەرێ، ئەوە بۆچی بۆ دوا کۆبوونەوەی حیزب نەهاتیت؟

– بەخوا نەمزانیبوو دوا کۆبوونەوە بووە، دەنا دەهاتم.

لەسەر ئەو (دواکۆبوونەوە)یە، لە حەپسێیان پەستامەوە.

هیوادارین زمانتان سەرتان هەر بە ڕەحەتی بهێڵێتەوە!

## ڕووداوی نائاسایی

# ئەو باوکەی لە هەولێر شیری مەمکی بە منداڵەکانی دەدا

**ئەحمەد مەعاز، ئیستەنبوڵ**

ئەوە ڕووداوێکی جیاوازی پیاوێکی هەژارە بە ناوی جوبرایل، کە لە گوندی قوشتەپەی باشووری هەولێرەوە هاتبووە شار و لە گەڕەکی عارەبان لە دامێنی قەڵات نیشتەجێ بوو. ئەو پیاوە دوو جار هاوسەرگیری کردبوو، ١٦ کوڕ و سێ کچی لە هەردوو ژنی هەبوو، بەڵام ١١ کوڕ و دوو کچی بە منداڵی مردن، لەو کاتەدا کە ئاشکرا بوو جەستەیەکی سەیر و دەگمەنی هەیە، پێنج کوڕ و کچێکی لە ژیاندا بوون.

بارە دەگمەنەکەی جوبرایل بریتی بوو لەوەی بە مەمکەکانی خۆی شیری بە منداڵەکانی دەدا، ئەو بارە دەگمەنە ساڵی ١٨٩٢ لەلایەن دەسەڵاتی باڵای تەندروستیی دەوڵەتی عوسمانییەوە تۆمار کرا و بووە هۆی سەرنج و تێڕامانی خەڵک و پسپۆڕانی تەندروستیی ئەوکات.

بەپێی تۆمارە تەندروستییەکانی دەوڵەتی عوسمانی، جوبرایل تا ئەو کاتەی منداڵەکانی گەورە بوون و توانای خواردنیان پەیدا کردووە، شیری پێ داون و دوای گەورەبوونی منداڵەکانیشی، تا تەمەنی خۆی گەیشتووەتە ٧٠ ساڵ، شیر لە مەمکەکانی وشک نەبووە.

تۆمارە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە دەسەڵاتی عوسمانی پزیشکێکی دەرمانسازی بە ناوی سەرکیس نەشئەت کە لە یەکەیەکی سەربازی کاری دەکرد، بۆ لێکۆڵینەوە لەم بارە دەگمەنە، ناردووەتە ماڵی جوبرایل.

سەرکیس نەشئەت دوای پشکنینی تەندروستی، بۆی دەرکەوتووە دەنگۆی شیرپێدانی ئەو پیاوە بە منداڵەکانی، ڕاستە، دواتر وێنەیەکی ڕووتی سینگ و مەمکی جوبرایلی گرتووە و لەگەڵ نووسینی ڕاپۆرتێک لەبارەی بارودۆخەکەی، بۆ وەزارەتی تەندروستیی دەوڵەتی عوسمانی ناردووە.

ئەو پزیشکە لە ڕاپۆرتەکەیدا، وێڕای خستنەڕووی دۆخەکە، داوای کردووە جوبرایل بگوازرێتەوە شاری ئیستەنبوڵ (پایتەختی عوسمانییەکان)، بۆ ئەوەی لەوێ پسپۆڕانی پزیشکی لێکۆڵینەوەی چڕی لەسەر بکەن.

هەروەها داوای کردووە دەوڵەت مووچەیەکی مانگانە بۆ ئەو پیاوە ببڕێتەوە، چونکە زۆر هەژار بووە.


بارودۆخە دەگمەنەکەی جوبرایل لە تۆمارەکانی دەوڵەتی عوسمانی بە دوو کۆدی (BEO.000035.002581) و (DH.01284.101068.) لە ڕۆژی ٢٠ی تەممووزی ١٨٩٢ تۆمار کراون و تێیاندا دوو وێنەی ئەو پیاوە و ڕاپۆرتی پزیشکی لەبارەی دۆخەکەیەوە هەیە.


بەپێی زانیارییە مێژووییەکان، چەند حاڵەتێکی دیکەی وەک بارودۆخەکەی جوبرایل لە ئەمریکای باشوور دۆزراونەتەوە و لە ساڵی ١٨٩٨ لە کتێبی (Anomalies and Curiosities of Medicine) کە لە ئەمریکا چاپ کراوە، تۆمار کراون.

هەروەها ئاژانسی فرانس پرێس ڕاپۆرتێکی لەبارەی بارودۆخێکی هاوشێوەی جوبرایل، لە سریلانکا لە ساڵی ٢٠٠٢ بڵاو کردووەتەوە کە پیاوێک بە مەمکەکانی شیری بە کچەکەی خۆی داوە.



وێنە: زیرەکی دەستکرد





# تابووتە دۆزراوەکەی گوندی ماوان چی بەسەرهات؟

**دهۆك بەڕۆشی**

نزیکەی ساڵێک بەسەر دۆزینەوەی تابووتێکی تەمەن ١٨٠٠ ساڵ لەلایەن تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەوار و کەلەپووری سۆران تێدەپەڕێت، دوای ئەوەی بە هاوکاریی شوێنەوارناسە جیهانییەکان دەستیان بە کنە و پشکنین کرد لە گوندی ماوان سەر بە ناحییەی سمێلان، تابوتێکی گلێنەییان لەسەر شێوەی بەلەمێک دروستکراو دۆزیەوە، کە وێنەی خاچێکی لەسەر بوو.

لەبارەی چارەنووسی تابووتە دۆزراوەکەوە، د. عەبدولوەهاب سلێمان حەسەن بەڕێوەبەری شوێنەوار و کەلەپووری سۆران بە (گڵکەند)ی ڕاگەیاند ئەوان لە بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەوار و کەلەپووری ئیدارەی سۆران ئاگاداری هەموو وردەکارییەکان و ڕێوشوێنەکانی بەدواداچوونی تابووتەکەن، لە ماوەی رابردووشدا پێویستیان بە کاتێکی زۆر هەبووە بۆ تەواوکردنی لێکۆڵینەوەکان.

دەشڵێ بە هەماهەنگی لەگەڵ تیمێکی بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەواریی سۆران و زانکۆی ئۆتۆنۆمۆسی بەرشەلۆنەی ئیسپانی، کە دوو پسپۆری ئەو زانکۆیە بەشدار بوون، لەگەڵ تیمێکی زانکۆی سەڵاحەدین، پشکنینی تەواویان بۆ تابووتەکە کردووە کە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی ئەشکانییەکان دەگەڕێتەوە.





د. عەبدولوەهاب سلێمان ئاشکرای دەکات ئەو شوێنەوارەی دۆزراوەتەوە بریتییە لە تابووتێکی گلێنەیی لەسەر شێوەی بەلەمێک دروست کراوە و وێنەی خاچێکی لەسەرە، مێژووەکەی بۆ سەرەتای هاتنی ئایینی مەسیح بۆ ناوچەکە دەگەڕێتەوە کە بەر لە ١٨٠٠ ساڵە.

دیارە کە تابووتەکە هی کەسایەتییەکی ناوداری سەردەمی ئیمپراتۆریی ئەشکانییەکان بووە. ئەم ئیمپراتۆرییەتە لە ساڵی ٢٥٠ی پێش لەدایکبوونی مەسیح تا ٢٢٤ی زایینی لە زۆربەی ناوچەکانی ئێرانی هاوچەرخ، کوردستان، ئەفغانستان و پاکستان دەسەڵاتدار بوو.

بەڕێوەبەری شوێنەوار و کەلەپووری سۆران دووپاتی دەکاتەوە کە شوێنەوارەکە سەلامەتە، بەڵام لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆر لەژێر زەویدا بوو، تووشی لەناوچوون و شکان بووە، ئێستاش سەرقاڵی نۆژەنکردنەوەن، هەر کاتێک تەواو بوو، لە شوێنێکی شیاودا نمایشی دەکەن.

# سەربوردەی خۆپیشاندانەکەی 1962ی قوتابیانی هەولێر


د. سنوور سدیق

موتەسەریفیەتی لیوای هەولێر لە نووسراوێکی نهێنییدا، کە لە ٢٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٢ بۆ لایەنە ئەمنی و سەربازییەکانی ناردووە، باسی وردەکاریی خۆپیشاندانی قوتابیانی خانەی مامۆستایانی سەرەتایی لە هەولێر کردووە، کە لەپێناو بەرقەراربوونی ئاشتیدا لە کوردستان بەڕێوەچوو.


بەپێی ئەو بەڵگەنامە نهێنییانەی ئەوسا کە دەست (گڵکەند) کەوتوون، خۆپیشاندانەکە لەلایەن قوتابیانی خانەی مامۆستایان لە ڕۆژی ١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٢ بەدروشمی «دەمانەوێ ئاشتی لە کوردستان بەرقەرار بێ» ڕێک خراوە، خۆپیشاندەرانی ناڕازی لەبەردەم خانەی مامۆستایانەوە تا یانەی فەرمانبەران چوون و لەوێ پەرتەی لێ کراوە.

لە بەڵگەنامەکاندا ئاماژە بەوە کراوە ئیدارەی خانەی مامۆستایان هەر زوو دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە و لایەنە ئەمنییەکانیش دوو ڕێکخەری خۆپیشاندانەکەیان بە ناوەکانی عەباس ڕەسوڵ و ئیبراهیم عەبدولقادر دەستگیر کردووە، ڕێکخەری سێیەمیش وەعدوڵڵا سوڵتان بوو، بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵاتووە.

ئیدارەی خانەی مامۆستایان ئەو سێ قوتابییەی خانەکەیان بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٦٢-١٩٦٣ لە خوێندن بێبەش (فەسڵ) کردووە و لایەنە ئەمنییەکانیش دەستیان بە لێکۆڵینەوەی چڕ کردووە.









## هونەرمەندان کچ و هاوسەرەکانی خۆیان کردە پێشەنگ

# خانمە سەرمەشقەکانی شانۆ لە هەولێر

نازم دڵبەند

لە کۆتایی شەستەکاندا و دوای گەڕانەوەی هەندێک لە هونەرمەندانی هەولێر وەک سەباح عەبدوڕەحمان، تەڵعەت سامان و فەرهاد شەریف، کە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا خوێندنیان تەواو کرد، گۆڕانێکی گەورە لە تەکنیکی شانۆی کوردی هاتە ئاراوە و شانۆگەری لە هۆڵی قوتابخانەکانەوە گوازرایەوە بۆ هۆڵی گەل. لەو قۆناغەدا هەردوو شانۆگەریی فالچی و مارەیی کە لە دەرهێنانی سەباح عەبدوڕەحمان بوون، بوونە دەستپێکی ئەم جوڵانەوە شانۆییە نوێیە.

لەو کاتەدا تاکە کۆسپ کە دەهاتە بەردەم ئەو جوڵانەوەیە، نەبوونی کچ و ژنانی هەولێری بوو لەسەر شانۆ، ئەمەش زۆر جار ڕەونەقی شانۆگەرییەکانی کز دەکرد، بۆیە دەرهێنەر بە ناچاری هانای بۆ هەندێک هونەرمەندی پیاو دەبرد تا ڕۆڵی ژن یان کچ لە شانۆگەرییەکاندا ببینن.

لە شانۆگەرییەکانی فالچی، مارەیی و مەسەلەی شارێک، سەباح عەبدوڕەحمانی دەرهێنەر بە ناچاری ڕۆڵی ژنی دەدایە هونەرمەندان پەیمان بەگۆک، عەبدولڕەزاق شەمسەدین، ڕەسمی جەلال، سوبحی کۆیی، جەلال بەیار و سەلام کۆیی. ئەو هونەرمەندانە زۆر بە سەرکەوتوویی ڕۆڵی ژنیان لەسەر شانۆ و لە تەلەفزیۆن دەبینی.

بەهۆی نەبوونی کچ و ژنی هونەرمەندەوە لە هەولێر، کە خەڵکەکەی لە ئەزەلەوە موحافیزکار و پابەندی نەریتە کۆمەڵایەتییەکان بوون، زۆربەی هونەرمەندان کچ و هاوسەرەکانی خۆیان کردە پێشەنگ بۆ ئەوەی خەڵکانی دیکەش چاویان لێ بکەن. یەکەم کچ کە لە ساڵی ١٩٧٢ ئەو تەوقەی شکاند شەوقییە شەوکەت بوو، کە لە شانۆییەکدا وەک هونەرمەند چووە سەر شانۆ. دواتر لە فێستیڤاڵی یەکەمی هونەری کوردی کە لە ساڵی ١٩٧٤ لە هۆڵی خولد لە بەغدا ساز کرا، بەشێک لە هونەرمەندان هاوسەرەکانیان بردە سەر تەختەی شانۆ، لە کۆتایی حەفتاکانیشدا، هونەرمەندان ئاواز مەحمود، ڕۆژهەڵات مەحمود، جیهان ئەحمەد و سەمیرە عەبدۆک لە شانۆگەریی (هەبوو نەبوو)، هاتنە سەر شانۆ. هەر لەو کاتانەدا، هونەرمەند تەڵعەت سامان لە شانۆگەریی مەم و زین، چەند کچ و ژنێکی بردە سەر شانۆ، کە ئاشتی کەریم ڕەئوف، بەڵقیس عەبدوڵڵا، سامیە محەمەد، چیمەن کاوێس، ڕێواس جاف و شادیە محەمەد بوون.

ئەوانە بوونە چرای ڕۆشنی شانۆ لە هەولێر و شانۆنامەکان لە کێشەی نەبوونی کچ و ژن ڕزگاریان بوو. ئەو بوێریەی ئەوکاتی ئەوان، بوو بە بناغەی بونیادنانی چەندین ئەکتەری دیکەی کچ و ژنی کورد لە هەولێرێ.

لە سەرەتای هەشتاکاندا، موژدە جەلال، ڕووپاک عەبدولقادر، شلێر کۆیی و کۆچەر جەلال هاتنە سەر شانۆ و لە شانۆگەریی لاس و خەزال ڕۆڵیان بینی و هۆڵی گەلیان ڕازاندەوە، دواتریش ئازادە جەلال، قانیعە ڕەشید، ژیان فەتحوڵڵا، نەسرین محەمەدەمین، نیزال محەمەد، لەیلا محەمەد، فەیرۆز عەبدولمەسیح. سەرباری ئەوەی ڕۆژگارێکی سەخت بوو لەناو خزم و کەسوکار و کۆمەڵگەکەیان، بەڵام ئەوان بە هەستێکی نەتەوەیی پیرۆزەوە چوونە ناو بوارەکە. ئەو ژنانە بەهۆی ڕێچکەشکاندنیان تووشی چەندین تەنگ و چەڵمەی وەک تێکچوونی ژیانی هاوسەری بوونەوە.

بوێری و گەورەیی ئەو کچ و ژنانە لەو سەردەمەدا، لە ئاستەنگەکان گەورەتر بوو و ئێستا بوونەتە مێژوو و کۆمەڵگای کوردستان بەتایبەت هەولێر، شانازیان پێوە دەکات.



## لە دیوەخانەوە بۆ بازاڕ

# چیرۆکی قاوەچییەکی کۆنی هەولێر




مام سەڵح پێی وایە کووپی سەفەری، کارەکتەری قاوەی لەکەدار کردووە

وێنە: سابر چالی

هەژار مەجید

گ پتر لە نیو سەدەیە مام سەڵاح دەست و پەنجەی لە ملانی جەزوەی قاوە گیر کردووە، بۆنی قاوەی لەلا بەدەوترە لە هەرچی عەتر و گوڵاوی دنیا هەیە. هەنوکەشی لەگەڵدا بێت، ئێواران بە کورتەک و شەرواڵێکی کەشخە و مشکییەک لە سەریەوە، فنجانی قاوە پێشکەشی میوانەکانی دیوەخانی ئەنوەر بەگی بێتواتە دەکات.

ئەو قاوەچیە تەمەن ٧١ ساڵە، بەدەم تێکردن و خواردنەوەی قاوەوە، بە ڕووەکی خۆشەوە قسە بۆ (گڵکەند) دەکات و دەڵێ «زیاتر لە سێ بەشی عومرم لە دروستکردنی قاوەدا بەسەر بردیە، لە گەلەک دیوەخانی پیاوماقوڵ و سەرۆک عەشیرەت و ئاغایاندا قاوەم دایتە مێوانان».

مام سەڵاح لەبارەی سەرەتای فێربوونی دروستکردنی قاوەوە دەگێڕێتەوە کاتێک تەمەنی ١٦ ساڵ بووە، لە دیوەخانیماڵی خدر ئاغای بناوێ کاری کردووە، لەو دیوەخانەدا قاوەچییەکی لێ بووە، ڕۆژێک پێی گوتووە وەرە فێرت بکەم چۆن قاوە دروست بکەیت، چونکە تۆ لە داهاتوودا دەبیت بە قاوەچی، ئیدی لەسەر دەستی ئەو قاوەچیە فێر بووە و تا ئەمڕۆ دەستبەرداری جەزوە نەبووە.

ئەگەر میوان فنجانی لە دەستی قاوەچی وەرگرت و خواردیەوە، بێ ئەوەی فنجانەکەی بلەرزێنێتەوە، واتە بۆم تێکەوە، بە پێچەوانەوە ئەگەر فنجانەکەی لەرزاند، واتا چیتر ناخۆمەوە و فنجانەکە دەداتەوە دەست قاوەچی، قاوەچییش کاتێک قاوە تێدەکات، لێوی جەزوە لە فنجان دەدات بۆ ئەوەی دڵۆپی قاوە بەسەر میواندا نەڕژێ، کاتێک بەناو مەجلیسدا دەگەڕێ، دەبێ دەنگی لێکدانی فنجانەکانی دەستی بێت. ئەو پیاوەی سەری لە قاوەی ڕەشدا سپی کردووە، ئەوها باسی ئەتەکێتی پێشکەشکردنی قاوەی کرد.

مام سەڵاح شانازی بەوە دەکات کە لە چەندین دیوەخانی ناودارانی هەولێردا قاوەی دروست کردووە و لە هیچ یەکێکیاندا گلەیی لە جۆر و تامی قاوەکەی نەکراوە. دەشڵێ دەبێ ڕۆڵی قاوە لە دیوەخاناندا دیار بێت کە ڕازاندنەوە و گەرمکردنی مەجلیس و بڵاوکردنەوەی بۆنی خۆشە.


لەبارەی هونەری گرتنەوەی قاوەشەوە دەڵێ ئەو هەر قاوەی دەنکی بەکار هێناوە، بۆ خۆی قاوەکەی دەهاڕێت، دواتر پەرداخێک قاوە و دوو پەرداخ ئاو تێکەڵ دەکات و بەشی پێویست دەیکوڵێنێ و قاوەیەکی باشی لێ دروست دەکات.

مام سەڵاح پێی ناخۆشە لە زۆر شوێندا کووپی کارتۆنی بۆ پێشکەشکردنی قاوە بەکاردێت، پێی وایە ئەو کووپانە شێوەیان ناحەزە و تامی قاوە تێکدەدەن، لەوەش خراپتر دەڵێ ئەو کووپانە کارەکتەری قاوەیان لەکەدار کردووە، چونکە قاوە هەر بە فنجانەوە جوانە

ئەو پیاوە بە تەمەنە دڵخۆشە بە پیشەی قاوەچییەتی و شانازی پێوە دەکات، دەشڵێ کاتێک لە دیوەخانێک یان ماڵی کاسەیەتییەکەوە پەیوەندیی پێوە دەکەن بۆ ئەوەی بچێت قاوە پێشکەشی میوانەکانیان بکات، زۆر دڵخۆش و ئاسوودە دەبێت. باسیش لەوە دەکات کە لە شاری هەولێر زۆرترین داواکاری لەسەر ئەو هەیە، تا وەک قاوەچی بچێتە دیوەخانە ناودارەکان و قاوە پێشکەش بکات.

مام سەڵاح هەر کوڕەکەی نا، بەڵکو کوڕی کوڕەکەشی فێری قاوەچییەتی کردووە، کاتێک دەچێت بۆ دیوەخانە گەورەکان، یان کوڕەکەی یان کوڕەکەی و کوڕی کوڕەکەشی لەگەڵ خۆیدا دەبات، تا یارمەتی بدەن لە دروستکردنی قاوە و پێشکەشکردنیان.

ئەگەرچی کولتووری خواردنەوەی قاوە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ڕەگێکی کۆنی هەیە، بەڵام خراپبوونی دۆخی ئابووریی لە چەند دەیەی ڕابردوودا و زاڵبوونی کولتووری خواردنەوەی چا، وایان کرد بۆ ماوەیەک کولتووری قاوە خواردنەوە کاڵ بێتەوە، بەم دواییەش لەگەڵ باشبوونی دۆخی ئابووری، هەڵسانەوەی ڕێژەیی کەرتی گەشتیاری و کرانەوەی زیاتری کوردستان بە ڕووی جیهاندا، جارێکی تر کولتووری خواردنەوەی قاوە تۆخ بووەوە. بۆیە تا سەردەمێک پێش ئێستا کە قاوە تەنها لە دیوەخانی ئاغا و پیاوماقوڵ و کۆڕ و مەجلیسە کوردەوارییەکان هەبوو، ئێستا لە چایخانە و کافتریا هاوچەرخەکانی شارەکانی کوردستاندا قاوە هاوشانی چایی و خواردنەوەکانی تر پێشکەش دەکرێ.



شێرزاد هەینی

## 300 لۆ هەولێر

مەرج و ئامرازەکانی گەشەندنی گەشتیاری زۆرن، بەڵام زۆربەیان لە هەولێر بەرجەستەن!

یەکەم؛ هەولێر نزیک و هاوسنووری ناوچەیەکە ‹باشوور و ناوەڕاستی عێراقی عەرەبی بە شیعە و سوننەوە، بەشێکی زۆری ئێرانیش› لەبەر دابونەریت، بۆچوونی مەزهەبی، لە هەندێ بنەماکانی گەشتیاریی بێبەشن، لەبەر نزیکی و ئاسانکاریی گەیشتنیان ئاراستەی گەشتکردنیان ڕوو لە کوردستانە، بەتایبەتی هەولێر!

دووەم؛ بێجگە لە ئاووهەوا، دیمەنە شاخاوییەکان، بەهاری ڕەنگین، شەوە جوانەکانی، هەموو ئامرازە سرووشتییەکان، ئاسانکاریی زۆر دەکەن، بۆ پێشکەوتنی گەشەسەندنی بوارەکانی گەشتیاری.

ئەوەی گرنگە و مایەی خۆشحاڵییە، بێجگە لە ناوچە شاخاوییەکانی، ناو شارەکەشی گونجاوە بۆ ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆری گەشتیار.

بەڵام، ‹‹بەڵام››ێکی گەورە، ‹‹خۆزگە››یەکی تووڕەش، ‹‹داوا››یەکە سەدان جاریش کراوە، گوتراوە، دراوە، بەڵام جێبەجێ نەکراوە! ئەویش بایەخنەدانە بە؛ ئاست و نەخشە و بەرنامەی گەشتیاریی کۆنترین شار، ئەگەر کۆنترین شاری جیهانیش نەبێت، هی ناوچەکەیە!

ناو شارەکەش، وەک هەولێرییەکان دەڵێن؛ ‹‹سەرقۆزی بن ئالۆزە!››؛ نافوورەیەک، پارکێکی جوان و دیوارێک بەدەورەی قەیسەری، چایەخانەی مەچکۆ، دوو سێ کۆڵانی جوانی ناو بازاڕ و قەیسەرییەکە، تەواو.

ئەوانەش لەبەر سێبەر و هەیمەنەت، مێژووی قەڵاتەکە دیار و شکۆدارن! ئەوە سەرە قۆزەکەیە، بەڵام ئالۆزییەکەی گەڕەکە کۆنەکەیەتی؛ هەردوو تەعجیلەکە؛ جوو، ئیسلامەکەی، خانەقای پشت هەردوو مزگەوتەکە، سەعدوناوەی سەرکەندەکە، کۆڵانی عارەبان، کە بە چەندان کۆڵانی تەنگەبەری درێژی وەک جۆگەلە، دەرژێنە شەقامە سەرەکییەکانی شارەکە، دەگەنە ڕووباری شارەکە، دەکرێ ئەو گەڕەکانە ببن بە شارە کۆنە، کەلتوورییەکە، بەڵام ئێمڕۆ بوویتە کەلاوەیەکی ڕماو، گوفەکێکی گەورە، کۆڵانە گیراو و کراوەکانیان پیسن، زۆریش بوون بە گەراجی گەورەی چەگڵرێژکراو، تەختکراو، شانشکاو بەکەرپووچی هەڵوەریو، خشتی دەرپەڕیو، دەرگەی خانووەکانیان گیراون بە بلۆک، تەنەکە، سیم. ئەو سێ چوار گەڕەکە سیمایەکی ناشیرین و ناشارستانی دەنوێنن.

ناکرێ شارێکی کۆن، شارێکی دێرین، قەڵاتە مەزنەکەی لە ساڵی ١٩٦٠ تا ئیمڕۆ، تا ماوەیەکی درێژیش هەر نۆژەن دەکرێتەوە، هەر پارەی تێدا سەرف دەکرێت، لێژنە، بەرنامە، نەخشەی بۆ دادەنێن، نابێتە قەڵاتێکی گەشتیاری، کە هەموو مەرجەکانی گەشتیاریی جیهانیی تێدایە.

بەداخەوە، قەڵاتێکی وا مەزنت هەبێت، بەرز، لەناو چەقی شارەکە بێت، نەکرێتەوە هەوارێکی گەشتیاریی شەو و ڕۆژی، هەموو وەرزەکانی ساڵ ئاوەدان، کراوە بێت!

## ناسرییە دەبێتە یانەیەکی کوردستانی

# یاریزانانی هەولێر دەست بەسەر یانەیەکی عێراقدا دەگرن



**کارزان کانەبی**

گ یانەی وەرزشیی ناسرییەی پارێزگای زی قار، زیاتر لە ١٥ ساڵە خەون بە گەیشتن بە خولی بژاردەکانی تۆپی پێی عێراقەوە دەبینێ، ئەم وەرزە بۆ هێنانەدی ئامانجەکەی گۆڕانکارییەکی گەورەی لە ڕیزەکانیدا کردووە و گرێبەستی لەگەڵ ١٢ یاریزانی کورد کردووە، کە نۆیان خەڵکی هەولێرن.

بۆ وەرزی ئەمساڵ تەنها دوو یاریزانی یانەی ناسرییە خەڵکی سنووری پارێزگای زی قارن، ئەوانی تر بە زۆری خەڵکی کوردستانن، لەمبارەیەوە سائیر جەسام ڕاهێنەری یانەکە بۆ (گڵکەند) دەڵێ توانای یاریزانانی کوردستان زۆر بەرزە و ئەمساڵ ئومێدی زۆرە لە ڕێگەی ئەوانەوە بگەنە ئامانج.

کاتێک سەردانی مەشقەکانی یانەی ناسرییە دەکەی وا هەست دەکەیت لەناو یانەیەکی کوردستانی، زمانی پەیوەندیی نێوان یاریزانەکان کوردییە، سائیر کە ڕاهێنەرێکی ناوداری عێراقە، لە میانی یەکەیەکی مەشقی یانەکەیدا لە یاریگای دووەمی شەهید فەرەنسۆ هەریری لە هەولێر دەڵێ لەم وەرزەدا کە بەشداریی خولی نایابی عێراقیان کردووە، جگە لە ١٢ یاریزانە کوردەکە، پێنج یاریزانی پیشەگەر و چەند یاریزانێکی شارەکانی تری عێراقیشیان هێناوە.

لەبارەی ئامادەکارییەکانی تیپەکەشی بۆ خولی نایاب، سائیر جەسام دەڵێ یاریگای نوێی ناسرییە زۆر پێشکەوتووە، بەڵام هێشتا ئامادە نییە، ئەوانیش شاری هەولێریان هەڵبژاردووە بۆ مەشقەکانیان، چونکە وەک خۆی دەڵێ هەولێر شارێکی جوان و شارستانییە، یانەکان هەموویان ڕوو لێرە دەکەن بۆ کەمپەکانی مەشق و ڕاهێنان، بەتایبەتی کە یاریگای زۆر و هوتێلی باش و دامەزراوەی وەرزشی پێشکەوتووی لێیە. لەبارەی یاریزانە کوردەکانیشەوە، کاپتن سائیر دەڵێ ئەوان یاریزانی ئاست بەرز هەڵدەبژێرن و یاریزانە کوردەکانیش لە باشترین ئاست دان و خاوەن ئەزموونی زۆرن.

ئاماژەش بەوە دەدات کە پێیان وایە یاریزانە کوردەکان ڕێگەیان بۆ گەیشتن بە خولی بژاردەکان، کورت دەکەنەوە، دووپاتی دەکاتەوە کە متمانەی تەواویان بە یاریزانە کوردەکان هەیە.

لای خۆیەوە بارزان شێرزاد یاریزانە هەولێرییەکەی یانەی ناسریە لەبارەی یاریکردنی بۆ ئەو یانە عێراقییە دەڵێ پێشتر چەند داوایەکی بۆ هاتبوو بۆ یاریکردن لە یانە عێراقییەکان لە خولەکانی نایاب و بژاردە، بەڵام کە زانیویەتی کۆمەڵێک یاریزانی کورد لەو یانەیەن، ناسرییەی هەڵبژاردووە.

هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە یانەی ناسرییە خاوەن یاریگایەکی نێودەوڵەتیی نوێیە و هاندەرێکی زۆری وەرزشیشی هەیە ژمارەیان زیاتر لە ٢٠ هەزار هاندەرە.

لەبارەی ئامادەکارییەکانیشیانەوە، بارزان رای وابوو کە ئەوان دواکەوتوون لە خۆئامادەکردن، بەڵام هەبوونی ژمارەیەکی زۆری یاریزانی باش و بەرێوەچوونی یارییەکانیان لە هەولێر، ڕێگەیان ئاسان دەکات بۆ سەرکەوتن.

دلێر حاتەم گۆڵپارێزی سەرەکیی یانەی ناسرییەیە و ئەویش کوردە، دڵخۆشە بە یاریکردن بۆ ئەو یانە عێراقیە و دەڵێ هاندەران نەک هەر بۆ یارییەکان، بەڵکو چەند هەزار هاندەر لە مەشقەکانیش ئامادە دەبن.

## ئەستێرە کوردەکەی ئەورووپا خۆشحاڵە بە گەڕانەوەی بۆ هەولێر



**کارزان کانەبی**

گ ئوسامە جەبار ئەستێرەی دیارەی هەڵبژاردەی تۆپی پێی عێراق و یانەی هەولێر، کە پێشتر لە ژمارەیەک یانەی ناوداری هۆڵەندا، پۆرتوگال، تورکیا و ئیمارات یاری کردووە، لە دیدارێکی (گڵکەند) ئاماژە بەوە دەدات کە ئێستا هەولێر بووەتە شارێکی جیهانی و خاوەن پرۆژەی گەورە و ستراتیژییە لە بواری وەرزشدا.

ئوسامە جەبار ساڵی ١٩٩٢ لە کەرکووک لەدایک بووە، لە چوار ساڵیدا لەگەڵ خانەوادەکەی چووە بۆ ئەورووپا، ٢٠ ساڵ لە هۆڵەندا ژیاون، حەفت ساڵیش لە پۆرتوگال. لەو ماوەیەدا لە چەندین یانەی پلە یەک و نایابی هۆڵەندی و پۆرتوگاڵی یاری کردووە، ئەو پێی وایە وەرزش و بەتایبەتی تۆپی پێ لە ئەورووپا زۆر جیاوازە وەک ئەوەی لە کوردستان و ناوچەکەدا هەیە، ئاماژە بە گرنگیی هەبوونی ئەکادیمیای پێگەیاندنی یاریزانان دەدات کە لە ئەورووپا پشتی پێ دەبەسترێ و لە منداڵییەوە یاریزان ئامادە دەکرێن. هەروەها گرنگیی زۆر بە مافی یاریزان و دابینکردنی کەشێکی لەبار بۆ یاریزان دەدرێت. لەبارەی مەشقەکانیشەوە پێی وایە لە ئەورووپا یەکە مەشقییەکان زیاتر لە بەیانیانە و لە هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە ئێوارانە.

لە هەمان کاتدا ئەوەش دەڵێ کە ئێستا ئەوەی لە هەرێمی کوردستان هەیە بە بەراورد لەگەڵ عێراق، زۆر باشە و گرنگی زۆر بە وەرزش دەدرێت.

هەروەها پێی وایە هەولێر لە وەرزشدا قۆناغێکی زۆر باش چووەتە پێش، لەبارەی هاندەرانیشەوە ئوسامە رای وایە کە هاندەران گرنگن بۆ هەموو یانەیەک، هەولێریش خاوەن ژمارەیەکی گەورەی هاندەرانە و پشتیوانیی گەورەی ئەوانن لە یارییەکاندا.

باسیش لە یاریکردن بۆ هەڵبژاردەی عێراق دەکات کە وەک یاریزانێکی کورد تا ئێستا ئاسوودەیە و دژایەتیی نەکراوە، بەڵکو لەگەڵ چەند یاریزانێکی کورد زۆربەی کات بەیەکەوەن.

ماوەیەکە ئوسامە تووشی پێکان هاتووە و دەڵێ ئێستا تەنیا بیری لای ئەوەیە لە پێکانەکەی چاک ببێتەوە و بگەڕێتەوە ریزی یانەی هەولێر، تا ئەم وەرزە بە سەرکەوتوویی تەواو بکەن.

لەبارەی یاریکردنیشی لە کوردستان دەڵێ زۆر دڵخۆش و ئاسوودەیە، خێزانەکەشی کە خەڵکی پۆرتوگالە، ئێستا لە هەولێر لەگەڵیدا دەژی و سەرسامە بە کولتووری هەولێر و کوردستان.

خاوەن ئیمتیاز:
**دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ**

سەرنووسەر:
**ڕێبەند سەعدوڵا**

دیزاین:
**ئاراس ئەکرەم**

لۆگۆ و خۆشنووسی:
**بژار ئەربیلی**

دەستەی نووسەران:
**نازم دڵبەند**
**هەژار مەجید**

کوردستان / هەولێر، گەڕەکی سەربەستی

www.gilkend.com
info@gilkend.com

Gilkend is a general-interest weekly paper
published by Kurdistan Chronicle

# گڵکەند

Issue (4), Thursday 14/11/2024

گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند

سەفحەی بەرینی ئەهلی بۆ وەسفی ئەهلی ئەربیل
قەڵەمی منە عەینەن منارەی شێخی جەلیل
شارێکە ڕیاکەمە بۆ مەکرەمە حاتەمە
شایەتی شەهرەزووری بووە ئەحسەنی دەلیل
بەستوورە نالە چاوی من ئاو بۆ ئەوی هاتووە
لە دەوری تەواف دەکەن تۆحفەیەک نەبێ مەیل
هەم ئەهلی ئاسمانن هەم ڕەنگی خاکن خەڵکی
پاکن میسلی کافوور پاکن لە جنسی ئەسیل

تێکستێکی (نالی) کە لەلایەن (تەلعەت تاهیر) دۆزراوەتەوە